# خەونە شیعرییەکانی سەباح ڕەنجدەر

شەیدا باسم عبداللە[١]، دەریا جمال حەویز[٢]
[١،٢] بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ڕەگەزی خەون بە یەکێك لە سەرچاوەکانی دروستبوونی شیعر دادەنرێت، شاعیر سوود لە بەشێك لەو ڕووداو بابەتانە وەردەگرێت کە لە واقیع وەریگرتووە لە ڕێی یادگە و نەستیەوە دووبارە بەرهەمی دەهێنێتەوە، شتێکی نوێ جیاواز لەوەی واقیع بەرجەستە دەکات. لە بەر ئەوە ناونیشانی توێژینەوەکەمان بە ناوی (خەونە شیعرییەکانی سەباح ڕەنجدەر)، چونکە سەباح ڕەنجدەریش سوودی لە پڕۆسەی خەون وەرگرتووە، وەکو بنیاتێکی گرنگ پشتی پێدەبەستێت بۆ بنیاتنانی بەرهەمە شیعرییەکانی، گەیاندن و گواستنەوەی پەیامی دەقەکە بۆ وەرگر.
سەباح ڕەنجدەر یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە ماوەی ئەزموونی شیعرییدا هەوڵیداوە جیاواز بنووسێت، هەر بۆیە لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا توانیویەتی خەونەکانی بە شێوازی جیاواز بخاتەڕوو. لە ڕێگای خەونەوە بگەڕێتەوە بۆ گرنگترین ئەو یادەوەریانەی کە لە یادگەی هەڵیگرتووە، کە بەشێکیان پەیوەندی بە ڕووداوی خۆش و بە شێکی تریشیان بەیوەندی بەو ڕووداو بە سەرهاتە ناخۆشانەوەیە کە لە منداڵی و تەمەنی گەنجی بە سەری هاتووە. لە هەمان کاتدا خەون وەك داری سیحری لە بەر دەستدایە و داهاتووی خۆی چ لایەنی ژیانی ڕۆژانەی، یاخود ئەزموونی شیعر نووسین بێت لە ڕێگەی خەونەوە دیاری دەکات.
لە هەمانکاتدا لە ڕێی خەونەوە هەوڵدەدات تەمەن و ژیانی خۆی دیاری بکات، جگە لەمە دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵ جیهانی تر ببەستێت و ئاشنای ئەو جیهانە بێت. خەونەکانی شاعیر وایکردووە لە ڕێی ڕەگەزی خەونەوە بە نێو کاتە جیاوازەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو گەشت بکات و جگە لە جیهانی سەر زەوی ئاشنای گەردوون و جیهانەکەی تر بێت.

**کلیلە وشەکان:** خەون، سەباح ڕەنجدەر، تایبەتمەندی شیعر، زیندە خەون، خەونی ئیلهامی.

## ١. پێشەکی

خەون وەك ئاشکرایە بەشێکی زۆری ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنێت. مرۆڤ زۆرجار هاوشێوەی بابەتەکانی تر بیری لە دیاردەی خەون و پڕۆسەی دروست بوونی کردۆتەوە، هەوڵیداوە لە دیاردەی خەون تێبگات و بۆی ڕوون ببێتەوە ئەم دیاردەیە چۆن دروست دەبێت. بە هەمان شێوە خەون لە نێو پڕۆسەی دروستبوونی شیعردا جێگە و بەهای تایبەت بە خۆی هەیە، شاعیر لە ڕێی خەونەوە ئەزموون، تێڕوانین، دەروونی خۆی دەردەبڕێت. هەربۆیە (خەونە شیعرییەکانی سەباح ڕەنجدەر) ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ تیشك خستنە سەر لایەنی ڕەگەزی خەون لای شاعیر، دیاریکردنی تایبەتمەندی خەونە شیعرییەکانی، ئەو ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا گیراوەتە بەر، ڕێبازی وەسفی شیکارییە، بە مەبەستی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان، بە دەستهێنانی ئامانجەکان پێڕەوکراوە. هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەش بە هۆی کەمی ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر بەرهەمەکانی شاعیر بووە. جگە لەمەش بەرهەمەکانی شایستەی ئەوەن بە شێوازێکی زانستی بە پێی میتۆدێکی ڕەخنەیی هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم باس لە چەمك و پێناسەی خەون کراوە، لە هەمانکاتدا گرنگی و مێژووی بایەخ پێدانی خەون خراوەتە ڕوو، بەشی دووەمیشدا بە شێوەیەکی پراکتیکی بە سوود وەرگرتن لە بەرهەمەکانی شاعیر تایبەتمەندی خەون و جۆرەکانی خراوەتەڕوو. لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەی بە دەستمان هێناوە، دواتر لیستی ئەو سەرچاوانەی سوودی لێوەرگیراوە.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٦ ئایار ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٢ ئاب ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ کانوونی یەکەم ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: shaida.basim@koyauniversity.org ، darya.jamal@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ **شەیدا باسم عبداللە، دەریا جمال حەویز**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp347-359

## 2.بەشی یەكەم

### 1.2چەمك و پێناسەی خەون

ئاشكرایە خەون بەشێكی زۆری ژیانی مرۆڤ پێكدەهێنێت. مرۆڤ هاوشێوەی بابەتەكانی تر بیری لە ڕەگەزی خەون و پڕۆسەی دروست بوونی كردۆتەوە، هەوڵیداوە لە دیاردەی خەون تێبگات و بۆی ڕوون ببێتەوە ئەم دیاردەیە چۆن دروست دەبێت، ئەمەش هەموو ((ئەو ڕووداوانەیە كە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە كاتی خەوتندا ئەوەی لەو ڕووداوانەدا چالاكە دەروون و خەیاڵی مرۆڤە. وەك پانتاییەك دەبنە ڕووتەختی ڕووداوەكان، خەوەكانی مرۆڤ بەشێكی گرنگی یادەوەری ژیانی خەیاڵی مرۆڤن... خەون خۆی كۆمەڵێك ڕەمز و كەرەستەی جیاجیایە بۆ دەربڕینی مانایەك. واتە ئێمە یادگەمان پڕە لە وێنەی شوێن و كەس و شت، هەموو ئەو شتانە وەك كەرەستەیەكی خاو دەچنە بەردەستی ئەو خەوەی ڕوودەدات. خەوەكە ئەو كەرەستانە ڕێكدەخاتەوە. ئەو ڕووداوەی پێ حازر دەكاتەوە كە هەیە. هەربۆیە هەمیشە خەو خاسیەتێكی شیعری هەیە كە لە ناو ڕەمز و وێنەدا ڕوودەدات))(عەبدوڵلا، ٢٠٢٢،ل١٢٨-١٢٩). بەو واتایەی خەون پەیوەندییەكی گەورەی هەیە بەو پێكهاتە دەروونیانەی مرۆڤ، كە زۆر تایبەتن و پەیوەندی بە خودی تاكەوە هەیە. مرۆڤ ناتوانێت بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ئاشكرا گوزارشت لەو حەز و ئارەزووانە بكات، بۆیە خەون دەكاتە ئەو ڕووبەرە فراوانە بۆ نمایشكردن و دەرخستنی ئەو شتانەی نهێنی و شاراوەن لە لای مرۆڤ.

جیهانی خەون بەو ئەندازەیە ئاسان و هەڕەمەكی و پەرش و بڵاو و بێ یاسانین، بەڵكو لە ژێر دەسەڵاتی ئاسنین و خواستی نەست دروست دەبن. خەون بریتییە لە ((كۆمەڵێك وێنە و واتا و ئاماژەی زەینی، كە لە واقیعیەتی دەرەوەی خەونەكەوە سەرچاوەیان گرتووە، بە شێوەیەكی كوێرانە ڕیز دەبن. زۆرجار غەریزەی مرۆڤ ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت لە دروستبوونیاندا))(حسێن، ٢٠٢١،ل٢٢٨). واتە خەون لە ڕەگوڕیشەی قوڵی نەستەوە سەرچاوەی گرتووە. بەرجەستەكردن و خستنەڕووی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە نەست و جیهانی پڕ تەمومژی دەروونی مرۆڤ و خەون و وڕێنەكان هەمووی لە ئەنجامی حاڵەتی دەروونی و زەینی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە.

بۆچوونی هەندێك لە نووسەر و زانا و فەیلەسوفان لە بارەی خەون و پڕۆسەی خەون لە ژیانی ئاسایی مرۆڤ و بوارەكانی تردا جیاوازە، لەوانە:

(یسن) پێیوایە ((ئەو بیرە ناچیزانەی ناو خەونەكانە لە بێداریشدا بوونیان هەیە، بەڵام كاتێك تامان لێدێت، تووشی وڕێنە دەبین لەم حاڵەتدا چالاكی ئیرادەی پەكی دەكەوێت، بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی ئەو وێنە و بیرانە دێنەوە زەین كە مەیلی شاراوەكان دەیانوروژێنێت))(سوڵتان، ٢٠٢١ ،ل١٤). واتە مرۆڤ لە حاڵەتی نەخۆشی و ئازاردا هەندێكجار تووشی وڕێنە دەبێت و پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە لەو حاڵەتە دەكەوێتە وڕێنە و خەونبینینەوە. لە خەوندا بیرەكان پەیوەندی پێكەوە دەكەن و ژمارەیەكی زۆر وێنە دروست دەكەن، هەندێكیان شاراوە و چەپێنراون، بەڵام لەم حاڵەتەدا دیار دەكەونەوە. (یوهان غوتلیب فیشتە) هاوشێوەی ئەم بۆچوونە شتێكی لە بارەی خەونەوە نووسیوە و پێیوایە خەونەكان وەكو ئاوێنە وان ئەو حاڵەتە دەروونییانەی لە كاتی ئاگاییدا بە وردی سەرنجی نادەین، ئەوا لە خەون بە ڕوونی دەخرێنەڕوو. بەم شێوەیەش خەون حاڵەتی ڕەوشتی و دەروونی و هزری مرۆڤ ئاشكرا دەكات(سوڵتان، ٢٠٢١،ل١١٢). (سیگموند فروید) دەربارەی خەون دەڵێت:(( ڕەنگدەرەوەی نەستی مرۆڤە لە ڕاستیدا تانو پۆی ئەو ئارەزووە چەپێنراوانەی مرۆڤ پێكدەهێنێت))(ت.افشار، ١٣٦٣،ل:٣٩). خەون بریتییە لە گوزارشتكردن لە بەدیهێنانی ئارەزوویەك لە نائاگاییەوە. هەربۆیە خەون بەدیهێنانی ئارەزوویەكی بەدینەهاتووە. كاتێك ئارەزووەكان تێر نەكرێن بەردەوام بۆ دواوە دەگەڕێنەوە و لە نەستدا عەمبار دەكرێن لە بارودۆخێكی وەهادا لە نێوان من و نەستدا ململانێ پەیدا دەبێت و هەمیشە بە ئەم ئارەزووانە بە داوی ڕێگەیەكی هەڵاتن و دەرچووندا دەگەڕێن.

فرۆید ئەوەی ڕوون كردەوە كە ڕەهەندە عەقڵی و زەینییەكان ڕەگوڕیشە و بنچینەیەكی دەروونییان هەیە (ت:محد، ١٣٧٠،ل:٤١-٤٢) واتە بەشێكی گەورەی خەونەكان وابەستەن بە چەند ئەزموون و كاریگەرییەكی دەروونی كە لە قۆناغی منداڵییەوە لە تاك پەیدا دەبێت. دوای ئەوەی بە دینەهاتوون لە نێو كۆگای نەست عەمبار دەكرێن. پێیوایە خەون (( دووبارەكردنەوەی یادەوەرییە))(ت:طرابلسی، ١٩٨٠،ل:٣٢)) بەو واتایەی خەونەكان هەمووی وابەستەن بەو خەیاڵات و بیركردنەوانەی، كە مرۆڤ ئەنجامی دەدات. ئەم بیركردنەوانە لە ئەنجامی بەریەككەوتنی مرۆڤ و واقیعی ژیان دێتە ئاراوە. بۆیە (فرۆید) بە یادكردنەوەی ڕابردوو دەزانێت، نەوەك پێشبینكردنی داهاتوو. بۆیە لە باسی نەستدا دوو جۆر دیاری دەكات، یەكمیان نەستی شاراوە توانای هەیە بێتە هەستی، دووەمیان نەستی چەپاندن، كە توانای نییە بێتە بواری هەستی. بۆیە پێیوایە پڕۆسە زەینیەكانی تاك ناوشیارن و لە جۆری دووەمی نەستدایە(Freud,1933,p:/).

(شوبێر) دەڵێ خەون ((ڕزگاری عەقڵە لە كۆت و پێوەندی جیهانی دەرەكی شیفای ڕۆحە لە خراپی هەست))(سوڵتان، ٢٠٢١،ل١٠٤). پێیوایە خەون ئەو ڕێگایە وەك فیردەوسێك عەقڵی مرۆڤ لە یاسا و كۆت و بەند و كلتور ڕزگار دەكات. ئەو شتانەی ڕێگاپێدراونییە لە واقیعدا لە خەون ئاسایی دەبێت. كەواتە خەون((پردێكە بەهۆیەوە مرۆڤ لە جیهانی واقیعەوە دەپەڕێتەوە بۆ جیهانی شتە چەپێنراوەكان كە بە بۆچوونی هەندێك لە زانایانی دەروونناسی كێڵگەی ڕاستییەكانە. خەون گەڕانە بە دوای ستاتیكادا، كە لە جیهانی واقیعدا دەستناكەوێت و بەهۆی ئەمەوە فەراهەم دەبێت))(مەنتك، ٢٠١١،ل٢٩) واتە مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو یاسا و شتانەن كە لە كلتوور و كۆمەڵگادا قەدەغەكراوە لە ڕێی خەونەوە بە دەستی دەهێنێن.

(تۆبۆڤۆلكسا)ش دەڵێت: ((زەین ئەم وڕێنە یەك لە دوای یەكە ناڕێكانەیە خەون بە شێوەیەكی لۆجیكیانە پێكەوە دەبەستێت، وەك ئەوەی لەگەڵ ئەو هەستانەدا دەیكات، كە لە بێداریدا بۆی دێن. ئەو وێنانەی خەونەكە بە لەتوپەتی دێن. زەین دێت پێوەستێكی وەهمی پێكەوەیان دەبەستێتە و كەلێنی نێوانیان هەرچەندە زۆر بێت پڕیان دەكاتەوە))(سوڵتان، ٢٠٢١،ل٥٧٩). واتە حاڵەت و بارودۆخە جیاوازەكان بە پێی قۆناغە جیاجیاكانی ژیانی مرۆڤ، كە لە نەست و یادگەی پارێزراوە و بەندكراوە لە كۆمەڵگادا ڕێگەپێدراو نییە ئاشكرا بكرێت. ئەوا لە حاڵەتی خەون وێنەكان بە یەككگرتوویی و بە ڕێكی دەخرێنە سەر شاشەی زەین. سەرچاوەی خەون ئەزموونێكی شاراوەیە بایەخێكی زۆری هەیە. هەربۆیە (دۆگان) پڕۆسەی خەون و چۆنیەتی دروست بوونی بە شێوەیەكی ڕوونتر خستۆتە ڕوو و دەڵێ((پەشێویەكی دەروونی و سۆزی و ئەقڵییە. بریتییە لەو گەمەیەی هەموو بەهرە دەروونییەكان تێكەڵ دەبن و جڵەویان بۆ شل كراوە و بە بێ هیچ دیسپلینێك و هیچ ئامانجێك هەڵدەسوڕێن عەقڵ لە خەوندا دەبێت بە ئامێرێكی خۆبەخۆی زەینی))(سوڵتان، ٢٠٢١،ل٩٦).

شیعر وەك ڕەگەزێكی ئەدەبی زۆرترین سەروكاری لە گەڵ نەستدایە ((چونكە نەست بۆخۆی جگە لەو بەشە سروشتییەی هەیەتی بەشێكی زۆری پەیوەندی بە چەپاندنەوە هەیە. نەست خۆی لە سەر چەپاندن و لادانی هەست بنیات دەنێت، ئەم هێزە عەمباركراوە لە كاتی تایبەتی خۆیدا دێتەدەر و كۆمەكی شاعیر دەكات بۆ ئەوەی لە شیعردا ئەم ماتە وزەیە كارەكی بكاتەوە))(عەبدوڵلا، ٢٠٢١،ل١٥٠). واتە شاعیر ئەزموونی ژیانی لە نەست عەمباركراوە. لە كاتێكی پێویستدا دووبارە بە كاریدەهێنێتەوە. لەبەرئەوەی دەربڕینی هونەری زیاتر وابەستەیە بە ناوچەی نەستەوە وەك لە عەقڵ و هەست(( نەست هەمیشە لە دۆخی هەڵچوون و هەڵگژاندایە، كە ئەفڕاندن لەمەوە نزیكترە وەك لە ناوچەی هەست))(شراد، ١٩٩٨،ل٢٣٨). بەم شێوەیە نەست وەك كۆگایەك بە سەرچاوەی داهێنانی شیعری لای شاعیر دادەنرێت. لەبەرئەوەی نەست ئازادی تێدایە داهێنان و هونەریش پێویستی بە ئازادی هەیە كە لە نەستدا بوونی هەیە. ((خەون بەشێكی زیندووی مرۆڤە گەنجینەیەكی لە بن نەهاتووە. لێرەوە پەنجەرەی خەونەكان دەكەونە سەر پشت بۆ ئەوەی كاری داهێنان چیتر یاسای دەرەكی و ڕێزمانی بیری لە قاڵب دراو نەبەسترێتەوە، بەڵكو داهێنان خۆی

دامەزرێنەری خۆی بێت.))( عەبدوڵڵا،٢٠٠٨،١،ل٩١). ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی نەست و جیهانی ناوەوەی شاعیرە، تەنانەت ئەگەر بەوپەڕی ئاگادارییەوە شاعیر پابەند بێت بە یاسا و ڕێسا بە بێ ئاگایی شتەکانی نەست دێتە ناوهەستیەوە و لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا بەرجەستە دەبێت.((یادگە زۆر گرنگە بۆ وەعی و بیرکردنەوە و فێربوون، کە بە بێ بوونی یادگە هیچ کام لەمانە ڕوونادەن))(حماش،٢٠٠٢،ل٩٠). یادگە وەك کۆگایەك تژییە لە کەرەستەی عەمبارکراو، کاتێك شیعر دەست بە دەرکەوتن دەکات. کۆمەکی خۆی لە یادگە وەردەگرێت. بە وەرگرتنی یادەوەرییە پێویستەکان بۆئەو کارەی، یان ئەو مانایەی شیعرەکە لەو ساتەوەختەدا دەیەوێت. یەکێك لەو پرۆسە گرنگانە پرۆسەی بیرهاتنەوەیە، کە لە ساتی ئەفراندنی شیعردا هەموو یادەوەرییەکان چالاك دەبن. ئەگەر یادگە نەبێت ئەوا هیچ زانیارییەك عەمبار ناکرێت.

وێنەی شیعری لە خەونە قووڵەکانی شاعیرەوە لە دایك دەبێت، بەڵام خەون و تێفکرینی شاعیر دەقاودەق لە خەونی شەوان یان کاتی نووستنی مرۆڤی خەوتوو ناچێت، چونکە ((مرۆڤی خەوتوو منی خۆی کاتی خەونەکە وندەکات، بەڵام خەونبینینی تێفکرین بە تایبەت ئەگەر فەیلەسوف بێت وەك (باشلار) دەڵێت دەتوانێت لە سەنتەری منە خەواڵوو و خەوبینەکەیدا کۆجیتۆ دابڕێت. بە واتایەکی تر تێفکرین چالاکییەکی خەونانەیە هێشتا هەر تروسکایەك هۆشی تێدا ماوە))(سعید،١٩٩١،ل١٣١). ئەو جیهانەی شیعری لێ بەرهەم دێت بریتییە لە ((خەون و واقیع کە لە دەقدا واقیع دەچێتە خەونەوە دەبێت بە کۆمەڵێك ڕەمز و ئاماژە))(حسێن،٢٠١٣،ل٩). واتە یەکێك لە سەرچاوەکانی دروستبوونی شیعر بریتییە لە خەون،کە سوود لە بەشێك لەو ڕووداو و بابەتانە وەردەگرێت کە لە واقیع وەریگرتووە. لە ڕێی یادگە و نەستییەوە دووبارە بەرهەمی دەهێنێتەوە. شتێکی نوێ و جیاواز لەوەی واقیع بەرجەستە دەکات. هەربۆیە لە بواری ئەدەبیشدا خەون وەکو بنیاتێکی گرنگ پشتی پێدەبەسترێت و بۆ بنیاتنانی دەقە ئەدەبییەکان و گەیاندن و گواستنەوەیان بۆ وەرگرەکانیان.

## 2.2 گرنگی و مێژووی بایەخ پێدانی خەون

کەلتور و شارستانییە جیاجیاکان تێڕوانین و گۆشەنیگای جیاوازیان بەرامبەر دیاردەی خەون هەبووە. بۆ نموونە((هیندییە ئەمریکییەکانی کەنداوی هۆدسۆن و خەڵکە ئەسڵیەکانی مالایا پێیانوایە لە کاتی نوستندا ڕۆحی مرۆڤ جەستە جێدەهێڵێت و دەچێتە جیهانێکی تایبەتی خەونەکانەوە. بۆیە بە لایانەوە وایە نابێت کەسێکی نوستوو بێدار بکرێتەوە نەوەك ڕۆحەکەی ون بێت. سۆمەرییەکانیش نووسین و چیرۆکیان لێ جێهاوە کە باسی هێزێکی ژووروی مرۆیی دەکەن، کە چۆن هاتۆتە خەونی مرۆڤەکان و مرۆڤەکانیان ڕاسپاردووە کارێك بکات یان نەیکات))(سولتان،٢٠٢١،ل٢٥). لە ڕابردوودا خەڵك پێیانوابوو خەون سروشتی یەزدانە، وەکو پەیامی ئاسمانی وایە بۆ ئەوەی لە هۆیانەوە خەڵك ئاگاداری شتەکان بن و بە قەدەر ئەوەی لێی تێدەگەن بیانکەن بە ڕێنمایکەری خۆیان لە ژیانیاندا. بیرۆکەیەکی باو هەیە دەڵێت خەون لە خولگەی ئایندەدا دەسوڕێتەوە ئەتوانێت بزانێت ئایندە چۆن دەبێت ئەو بیرۆکەیە لە ڕابردووەوە وەك باوەڕێکی میللی هاتووە. واتە((خەو زەمینەیەکە بۆ ئەوەی بنەمایەکی عەقڵی لە ناویدا ڕووبدات ئایندەی مرۆڤی تیا دەربکەوێ))(عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢،ل١٣٣). هەندێك پێیانوابووە خەون لە جیهانێکی تر و لە لایەن هێزێکی نادیارەوە وەکو نامە و پەیامێك ئاڕاستەی مرۆڤ کراوە.

خەون هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤدا شوێن پێگەی خۆی لە سەر بیر و هزری مرۆڤ جێهێشتووە. لە ئەدەبی کۆنی گەلاندا خەون دیار دەکەوێت، وەکو لە((ئەفسانەی گلگامێش و حیکایەتەکانی فیرعەون. لە هەر دوو بەرهەمە بەناوبانگەکەی ئەلیادە و ئۆدیسەی هۆمیرۆس و لە حیکایەتەکانی هەزارویەکشەوەدا خەون پێگەیەکی گەورە و یەکلاکەرەوە دەبینێت. داستانی کۆمیدیای یەزدانی (دانتی)ش بە خەونێکی درێژی نووسەرەکە دادەنرێت. خەون بریتییە لە زنجیرەیەك خەیاڵکردن و وێناکردن کە لە کاتی خەوتندا ڕوودەدات خەونەکانیش جیاوازییان هەیە))(بکر و ئەحمەد،٢٠١٧،ل٣) بەم شێوەیە خەون زۆر کاریگەری هەبووە. لە شارستانییەتە کۆنەکاندا بە بایەخەوە سەیریان کردووە. زانابانی بواری ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش گرنگییان بە لێکدانەوەی خەونەکان داوە، وەکو (ئیبن خلدون و ئیبن سیرین)، چونکە خەون بە شێوەیەکی گشتی پێویستییەك بووە لە ژیانی پێغەمبەران و نێردراوانی خودا. هەروەها ((خەون وەك ئیلهام پەیامێکی ناڕاستەوخۆیە لە لایەن خوداوە بۆ پێغەمبەران و بنەمایەکی ڕاستی و واقیعی تێدایە... تەکنیکی خەون گەڕانە بە دوای نهێنییەکان و ئاشکراکردنیان))(دەشتی و ئیسماعیل،٢٠١٥،ل٢١). پێغەمبەر (د. خ.) لە بارەی خەونەوە دەڵێت:((خەون بەشێکە لە چل و شەش بەشی پێغەمبەرایەتی))(سەرگەیێلی،٢٠١٥،ل٧٤). پەیامبەری ئیسلام خەونی کردووە بە سێ بەشەوە بەشێکی لە یەزدانەوەیە، بەشێکی لە شەیتانەوەیە بەشەکەی تریشی لە دەروونی مرۆڤەوەیە. واتە خەونەکانیش یەك جۆر و شێوەنین، بەڵکو بۆ دوو جۆر یان کۆمەڵە دابەش دەکرێن. بەو جۆرەش لە یەکتری جیادەکرێنەوە و لە سەر ئەو بنەمایەش لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت جۆری یەکەم پێی دەڵێن (روئیا) کە بریتین لەو خەونانەی کە لە خوداوەن و پەیامێکە لەوەوە بۆ مرۆڤ، بەڵام جۆری دووەم (الحلم)یان پێدەڵێن، ئەوانیش بریتین لە و خەونانەی لە لایەن شەیتانەوەن سەرچاوەیان گرتووە.

هەر وەك دەردەکەوێت مسوڵمانەکانیش بایەخێکی تایبەتیان بە خەون داوە. لە قورئانی پیرۆزیشدا لە چەند جێگایەکدا ئاماژە بە خەون و گرنگی خەون کراوە، وەك ئیلهامێك بۆ پێغەمبەران هاتووە، هەر وەك لە چیرۆکی ئیبراهیمدا، کاتێك دەیەوێت ئیسماعیلی کوڕی بکاتە قوربانی. ئەوا بە خەون ئاگادار دەکرێتەوە لە جیاتی کوڕەکەی مەڕێك بکاتە قوربانی. هەروەها لە چیرۆکی ژیانی یوسفدا ئاماژە بە خەونی حەزرەتی یوسف دەکرێت، کە دەبینێت یازدە هەسارە و مانگ و خۆر سوجدەی بۆ دەبەن. لە هەمانکاتدا بەهرەی ماناکردنەوەی خەونی لە لایەن خودای گەورەوە پێبەخشراوە. لە هەمانکاتدا باس لە خەونی فیرعەون دەکات دەربارەی حەوت مانگا قەڵەوەکە و حەوت گوڵەگەنمە پڕەکە و پێچەوانەکانیان. ئەمانە هەموویان لە ڕووی لایەنی بیروباوەڕە ئاسمانییەکانەوە گرنگی خەون لە ژیانی مرۆڤدا دەردەخات.

لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش ئەوەیان دەرخستووە. خەون دیاردەیەکە لە دیاردەکانی چالاکی دەروونی. ئەوەی حاڵەتی بێداری جیا دەکاتەوە ئەوەیە چالاکی دەروونی لەوێدا لە شێوەی بیرۆکەدا ڕوودەدەن زیاتر لەوەی لە شێوەی وێنەدابن، بەڵام لە خەوندا لە شێوەی وێنە بەرجەستە دەبن. خەون وەك پێکهاتەیەکی دەروونی پڕ مانا خۆی دەخاتە ڕوو. شتێکە جیاواز لە ئەزموونەکانی واقیعی ژیانی بێداری. خەون لە واقیع ئازادمان دەکات، یادەوەرییە سروشتییەکانمان دەربارەی واقیع ڕەش دەکاتەوە و دەمانباتە جیهانێکی دیکە و ژیانێکی تەواو جیاواز. خەون هەرچیەکمان پێشکەش بکات لە واقیع و ژیانی دەروونییەوە وەریدەگرێت. هەرچەندە نائاسایی دیار بێت، نائاسایی دیار بێت،، ناتوانێت خۆی لە واقیعی ڕاستەقینە بدزێتەوە، لە باڵاترین و نزمترین پێکهاتەیدا ڕەگەزەکانی خۆی لەوەوە وەردەگرێت، کە بینیومانە یان لە کۆنجێکی بیرکردنەوەی بێدارماندا بووە.(سولتان، ٢٠٢١،ل٥٠- ٥٧). واتە یەکێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خەون بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕاستەقینە، یاخود واقیع بەشێکی خۆی دەخزێنێتە ناو نەست و یادگەوە لەوێوەش لە خەونەکان خۆیان بە دیاردەخەنەوە.

لە بواری دەروونزانیشدا زانای بەناوبانگ (فرۆید) هەوڵیداوە گشت ژیانی تەرخان بکات بۆ بابەتی خەون لە ڕێگەی تیۆرییەکەیەوە هەوڵی ئاشکراکردنی داوە. فرۆید پێیوابوو (من) لە دووریانی جیهانی ناوەوە و جیهانی دەرەوەدایە و لە لایەکەوە سەرقاڵی تاکێتی و لایەنە شاراوەکانی ناخە کە شوێنی ڕووداوە دەروونییەکانە و خەیاڵدانی مرۆڤ دەیانگوازێتەوە و وێنەی زەینیان بۆ دەکات. لە لایەکی تریشەوە پابەندە بە ویستەکانی دەرەوە، ئەوانیش جیهانی شتە مادییەکانن، کە هەستەکانی مرۆڤ ئاشنایییە پێیان و لایەنی بەرجەستەیی جیهانی دەرەوە و بینراوێك پێکدەهێنن(حسێن،٢٠٢١،ل١٣٨). واتە (من) پردێکە جیهانی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ بە یەکەوە دەبەستێتەوە پابەندی هەردوو جیهان بووە، بەڵام لە کاتی خەوندا بابەتە چەپێنراوەکان ئازاد دەبن. کەواتە خەون((هۆکارێکی گرنگە بۆ خستنە ڕووی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp347-359

من و ناخی نووسەر و شاعیر و ڕەهەندەکانی کەسایەتی ئەم ڕێگایەش جێبەجێدەبێت لە ڕێگای ئارەزوو بۆ خەوتن و خەوبینین بە خۆزگە و ئاواتە کپکراو و سەرکوتکراوەکان، بیر فراوانە و خەون هەژار و چڕ و کورتە. بۆیە بە هێما دەریدەبڕێت. هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی خەون ویستێکی شاراوەی بە دواوەوەیە، چونکە خەون ئارەزووە کپکراوەکان بەتاڵ دەکاتەوە.))(الحفنی،١٩٨٨،ل٩). بۆیە خەون باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی لە لایەنی دەروونی تاکەکان ئاشنا بین. خەون گوێ ناداتە کات و شوێن ئەوا تەنیا شتێك دەکات، کە فیکر دەتوانێت لە بێداریشدا بیکات. هۆی ئەوەش ئەوەیە کە خەوبینین خۆی شکلێکە لە شکلەکانی بیرکردنەوە. مرۆڤ لە کاتی بێئاگایدا یاسا و کلتور و دابونەریت نازانێت، بابەتەکان هەڵناسەنگێنێت و بە پێی باش و خراپی جیایاناکاتەوە. هەربۆیە مرۆڤ لەم حاڵەتەدا دەچێتە ناو جیهانی تایبەت بە خۆی کە بەشی ناوەوەی خود دەگرێتەوە، تێیدا لۆجیك و یاساکانی دەرەوە لە بەرچاوناگرێت.((ئەو خواستانەی خەیاڵی خەونی پێکیدەهێنێت ئەو خواستانەنین کە مرۆڤ بۆ خۆی بە کردەوە دەیانخوازێت، بەڵکو ئەمە خواستە کپکراوەکانن. بۆیە سروشتێکی بە ئازاری هەیە. هەمان هۆکارە لە دەرکەوتنەوەی ئاگایانەی حاڵەتی بێداری هاتۆتە دەرەوە و بە شێوەیەکی بێ هۆکار لە نێو خەونەکاندا خۆی دەردەخات))(باوزی،٢٠٢١،ل٢٢).

خەون کردەیەکی هەستییە لەوەی کردەیەکی عەقڵی بێت، لەگەڵ ئەمەشدا بنچینەی خەون هەست و واقیعە، بەڵام واقیع بەو شێوازە نا کە دەبیندرێت، واقیع بەو شێوازەی هەست لە دەقی پەتیدا ئامادەی دەکات، لەم بار و کەشەدا خەون هێزی خەیاڵ لە نووسیندا بەرزدەکاتەوە و کار لە سەر لایەنە شاراوەکانی چارەنووسی مرۆڤ دەکات(ڕەنجدەر،١،٢٠١٩،ل١٧). لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین پڕۆسەی دروستبوونی خەون لە لایەکەوە سوود لە بابەتە چەپێنراوەکانی بەشی نائاگایی و نەستی مرۆڤ وەردەگرێت. لە لایەکی تریشەوە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، بەڵام وەك خۆی وێنای ناکاتەوە، بەڵکو گۆڕانکاری تێدادەکات. بە شێوازێك بابەتەکان بە بێ ئەوەی گرنگی بە یاسا و کلتور و دابونەریت بدەن ڕێکدەخرێن. بەپێی حەز و ویستی مرۆڤەکان بنیاتدەنرێنەوە، لە خەوندا هیچ شتێك ڕێگر نییە تەنانەت ئەو (من)ی کە وەك پاسەوانێك بوو و ئەرکی نامێنێت هەموو شتێك ڕێگاپێدراو دەبێت.

## 3.بەشی دووەم

## خەونە شیعرییەکانی سەباح ڕەنجدەر

شیعر گۆڕینی زمانی خەونە بۆ سەر زمانی وشە. شاعیرانێك کە گەمە بە وشە دەکەن لە بڕی نووسینەوەی جوانی لە بارەی جوانییەوە دەنوسن. لە بڕی نووسینەوەی خەون لە بارەی خەونەوە دەنووسن. شاعیر بوونەوەرێکی خەونبینە. خەون سەرچاوەی وزەی نووسینە، بەردەوامی وەستانی هەر شاعیرێك لە شیعر نووسین گرێدراوی خەونە. شیعر نووسین نووسنیەوەی خەونە. هەندێك شاعیر خەون دەنووسنەوە هەندێکی تریان هەن لە بارەی خەونەکانیانەوە دەنووسن، ئەو شاعیرانەی لە بارەی خەونەوە دەنووسن گەمە بە زمان دەکەن. ئەو شاعیرانەی خەون دەنووسنەوە لە زماندا بیر دەکەنەوە، شاعیر لە زماندا بیر دەکاتەوە. بیرکردنەوە لە زماندا وەرگێڕانێکی داهێنەرانەیە لە نێوان خەون و وشەدا(سەرگەینێلی،٢٠١٥،ل٧٣). سەباح ڕەنجدەر یەکێکە لەو شاعیرانەی لەماوەی ئەزموونی شیعرییدا هەوڵیداوە جیاواز بنووسێت. هەربۆیە لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا توانیویەتی خەونەکانی بە شێوازی جیاواز بخاتە ڕوو، هەر وەك لە خوارەوە نموونەی دەقە شیعرییەکانی بە پێی جۆرەکانی خەون دەخەینەڕوو.

### زیندەخەون

زیندەخەون جۆرێکی غایب بوونی مرۆڤە لە واقیع و حازربوونیەتی لە ناو ڕووداوێکی زەینیدا. هەروەها پەیوەستە بە جەستەی بایۆلۆژییەوە. زیندەخەون هەیە وابەستەیە بە ئێستای مرۆڤەوە یا بە ئایندەوە(عەبدوڵڵا،٢٠٢٢،ل١٣٦). کاتێك مرۆڤ لە حاڵەتی زیندەخەون دایە ئاگای لە خۆیەتی و بە ویستی خۆی خەون دەبینێت، بە پێچەوانەی کەسێکی خەتوو، چونکە مرۆڤ لە حاڵەتی خەودا ئاگای لە خۆی نییە و بە ویستی خۆی خەون نابینێت. زۆرجار کە بە ئاگا دێت خەونەکەی لە بیر نەماوە، یان بەشێکی کەمی دێتەوە یاد، یان کاتێك لە خەو هەڵدەستێت دووبارە بە خەولێکەوتنەوەی ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ خەونەکەی، لەگەڵ هەستانی لە خەو خەونەکەی کۆتایی پێدێت و دەپچڕێت. ئەم حاڵەتە لە کاتی زیندەخەوندا ڕوونادات.

زیندەخەون عەقڵ و واقیع و لۆژیك تێدەپەڕێنن و لە نامۆیی و بە خەیاڵداهاتن و نالۆژیکیبوون نزیك دەبنەوە کە ئەمە ڕێگە بە داهێنان لە شیعردا دەدات. ئەم ئازادی خەوندیتنە لە شیعردا ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئاشکرا بوونێکی ئازاد، دوور لە کۆت و بە بێ بڕینی خودی شاعیریش. واتە کاتێك شاعیر ئازاد دەبێت لەوەی خەون ببینێت بە هەرچییەوە. ئەم ئازادییە ڕێگەی ئاشکرابوونی شتەکان وەك خۆیاندەدەن. ئەگەرچی ئەم کارە لە فۆڕمی نالۆژیکبوون و گەمەدا دەردەکەوێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شیعر سەر و کاری لەگەڵ نەستدا هەیە. نەستیش شەلالە بە وێنە و بە شتی جیا و تەبا و دژ. بۆیە هەموویان بەشداری ئەم گەمەیە دەکەن(قاسم،٢٠١٨،ل١٨١-١٨٢). بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە خەونەکان لە بنەمادا پێکهاتەی نەستیین لە شێوەی وێنەدا دەتەقنەوە، زیندەخەونیش لە سێ جۆر پێکهاتووە:

## سووکە خەون یان ڕامان

مرۆڤ لە خەونبینیدا هەموو کاتێك وەك یەك نییە. تەنانەت لە شێوازی خەونبینینیدا جیاوازە لەگەڵ مرۆڤێکی تر. هەروەها لە نێو خەونەکانی کە دەیبینێت بە هەمان شێوە بە پێی حاڵەت و جۆری خەونەکە دەگۆڕێت، بۆیە یەکێك لەو حاڵەتانەی کە خەونی تێدا دەبینێت بریتییە لە سوکە خەون. مرۆڤ لە ((کاتی ڕامان و بیرکردنەوە هەست بە وزەی گەردوونی دەکات. لەشی مرۆڤ لەم حاڵەتەدا بە وزەی تازە بارگاوی دەبێت. زۆر لە زانایان و هونەرمەندان و شاعیران زۆرترینی کارە باشەکانیان لە دۆخی سووکە خەون و ڕاماندا ئەنجامدەدەن))(سەرگەینێلی ،٢٠١٥، ل٨١). تەواوی نووسەران و شاعیران لەو ساتەدا هزریان دەبێتەوە، کە ساتێکی گرنگە. شتی ئاسایی ڕۆڵی نامێنێ و ژیان بە واق وڕمان دەردەکەوێ و هزر بە تەواوی بە پرسیاری نوێ دەردەکەوێ.

خەون و بیرکردنەوە زۆرجار تێکەڵ دەبن و بیرکردنەوە لە جێی خەون و خەونیش ڕەنگ و سیمای بیرکردنەوەی پێوە دەبینرێ. بۆیە((هەموو بیرکردنەوەیەکی ڕامانئامێز دەکرێت شیعر بێ. هەموو شیعرێکیش جۆرێك بێت لە بیرکردنەوە)) (عەبدوڵڵا ،٢٠١٤،ل٩) بۆیە شاعیران لە شیعرەکانیاندا زیاتر دنیایەك دروست دەکەن، کە پڕیەتی لە تێڕامان و بیرکردنەوە، چونکە ئەم شیعرانە هەڵگری پەیامێکن شاعیر بەهۆی شیعرەکەیەوە دەریدەبڕێت.((خەون بینینی شاعیر جۆرێکە لە بیرکردنەوە، بیرکردنەوەی شاعیر لە ناو شیعرەکانیدایە ئەم بیرکردنەوەیە لە ڕێگای زمانەوە دەردەبڕێت.))(مەنتك،٢٠١٠،ل٦٩) کەواتە بیرکردنەوە لە خەوندا بە زۆریی بیرکردنەوەیە لە شێوەی وێنەی بینراودا. لەوانەیە وێنەی بیستراویش هەبێت، یاخود وێنەی وا کە لە پێکهاتەیاندا بۆ هەستەکانی تر بگەڕێنەوە، بەڵام بە پلەیەکی کەمتر بەرچاودەکەوێت. کەواتە شیعر ((بیرکردنەوەیە لە دیاردە و ڕووداوەکان نەك لاوانەوە و پیاهەڵدان. شیعر ڕۆنانی بیرە لە زماندا نەك وشە ڕیزکردن و وێنەگرتنی ساتەکان شیعر بیرکردنەوەیە لە بوون نەك وێنەکێشانی بوون بێت))(سدیق،٢٠١٧،ل٢٨) ژیانی مرۆڤ بریتییە لە زنجیرەیەك ئازار لە کاتی لە دایکبوون تا ڕۆژی مردن. سروشتی ژیان بریتییە لە بوونی خۆشی و ناخۆشی و ئازار و دڵخۆشی و نارازیبوون و ناڕاستەقینە. ئەرکی مرۆڤ پەیبردنە بەم ڕاستەقینەیە وەك واقیعێکی ڕۆشن. هەر بۆیە دنیای شیعر دنیای وردبوونەوە و تێڕامانە. نەك دنیای قەتیسکردنی ئایدیاکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا.

لەم بارەیەوە (ناڵە حەسەن) دەڵێت:(( بەپێی ئەوەی شاعیر لە چرکەساتی نووسینی شیعر لە ڕووبەرێکی نادیار کار دەکات، ئەم ڕووبەرە نادیارەش ڕەگەکانی لە نێو خەون و خەیاڵ دایە. خەونیش لە بەرگە گشتیەکەیدا هێنانە گۆی یان بە کاراکتەرکردنی ئارەزووە لاشعورییەکانە. شاعیر نابێت تەنها ڕووی لە دواوە بێت وا پێویست دەکات دوێنێی خۆی بە ئێستا و هاوکات لە ئایندەش گرێدات. مرۆڤ پێکهاتەیەکە لە خەون و خەیاڵی سپی. بۆیە هەمیشە مەیلی گۆڕان و خولیای بەرەو پێشەوە چوون و هەرچی زیاتر دەست ڕاگەیشتن بە ئومێدە جوانەکانی لە دەروونیدا کڵپە دەکات))(بۆلی،٢٠١٤،ل١١). شاعیر لە ڕێی گومان و پرسیارەکانی کە دەیخاتە ڕوو دەیەوێت بگات بە حەقیقەت. ((وزەی زەین و هەڵهێنجانی پرسیاری شیعری مەبەست ئەوە نییە وەڵامێکی زانستانەی دەستکەوێ. بگرە پرسیاری شیعری خودی خۆی پرسیارەکان لە کۆمەڵی پێوەندیدا گەڵاڵە دەکات. کە پێیدەوترێت پێوەندی شیعری، یان میکانیزمی بە دواداهاتنی پڕۆژە شیعرییەکانی شاعیر))(پاڵەوان،٢٠١٠،ل٣٧). پرسیارە گومانکەرییەکان و گەڕان بە شوێن وەڵامەکاندا دیارە، شاعیر ئەمانە وەك کۆڵەگەیەکی بەهێز و جێگیر بۆ بنیاتنانی شیعر دروست دەکات و دەیەوێت لە تەواوی شتەکانی دەوروبەری زیاتر وردبێتەوە و گومانی زیاتریان لێ بکات. سەباح ڕەنجدەریش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە نێو بەرهەمە شیعریەکانیدا چەندین پرسیار و گومانی جیاواز دەکات، هەر وەك لە خوارەوە بەشێکی نموونەی شیعریی دەخەینە ڕوو کە ئەم حاڵەتەی تێدا بەدیدەکرێت.

یەکێك لەو بابەتانەی کە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی و شاعیران بە تایبەتی لە هەوڵی ئەوەدان بۆ ئەوەی بگەن بە وەڵامێکی یەکلایکەرەوە بریتییە لە ژیان و مردن، هەر بۆیە شاعیران بە شێوەی جیاواز هەوڵی خستنە ڕووی ئەم پرسەیان داوە و پرسیاری جۆراوجۆریان لە بارەوە کردووە، لەوانە سەباح ڕەنجدەر یەکێکە لەو شاعیرانەی لە هەوڵی ئەوەدایە بگات بە وەڵامێك بۆ ئەوەی حەقیقەتی ژیان و مردنی تێدا بدۆزێتەوە، دەڵێت:

**کێ دەتوانێ لە کاتژمێرێکی لە شمشێر داڕێژراو ڕابمێنێت و بوێری ئەوە بکات**
**ماڵی مردن بدۆزێتەوە و لە ناو بەشی زۆر یان کەم بمێنێتەوە**
**(ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل٤٥٨)**

وەك دیارە شمشێر سیفەتی تیژی و بڕینی هەیە، ئەوەی شمشێر پێیدا دەڕوات دووبارە ناگەڕێتەوە وەك خۆی. شاعیر لێرەدا وێنەیەکی شیعری جوانی خستۆتە ڕوو، ئەویش وێنەی کاتژمێرە کە هاوشێوەی شمشێرە، هەر وەك ئەوەی لە شمشێر دروستکرابێت، هیچ چرکەیەك لە تەمەنی مرۆڤ کە دەڕوات ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە. لەگەڵ ڕۆیشتنی هەر چرکەیەك، نزیکتر دەبینەوە لە مردن، ئەمەش لە توانای هیچ مرۆڤێکدا نییە ئەم حاڵەتە ڕابگرێت و ڕووبەڕووی ببێتەوە. ئەم تێڕامان و بیرکردنەوەیەیە کە بە جۆرێك لە زیندەخەون ناودەبرێت. شاعیر لە چەند کۆپلە شیعرێکی تریشدا چەند پرسیارێکی سادە و ڕوون دەکات لە بارەی ژیان کە لە سەر ئەم زەویە هەیە، هەر وەك دەڵێت:

**ئەفسوونی مانەوەی ژیان چییە**
**پرسیارێکە ئاو لە ئاگری کرد (ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٤٢٤)**
**زەوی چی بە ژیان بەخشی**
**ژیان چی بە زەوی بەخشی (ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٢٤٠)**

شاعیر چەند پرسیارێك لە بارەی خودی ژیانەوە دەکات، ئایا ئەو هێز و سیحرە چییە کە لە ژیاندا هەیە بۆ مانەوە؟ یاخود ژیان چ سوودێکی هەیە بە تایبەت بۆ خودی زەوی؟ چ شتێکی گرنگ هەیە کە خودی مرۆڤ نایزانێت و ژیان و زەوی بە یەکتریان بەخشیووە؟ هەر وەك دیارە ژیان تەنیا لە سەر گۆی زەوی هەیە. هەرچەندە پێشکەوتنی زانست لە هەوڵی ئەوەدایە بتوانن ژینگەیەك لە سەر هەسارەکانی تر بڕەخسێنن بۆ ژیان، هەر بۆیە شاعیر گومان لەوە دەکات و ئەو شتەی زەوی و ژیان بە یەکەوە دەبەستێتەوە چییە؟ یاخود زەوی چ شتێکی هەیە دەتوانێت بەرامبەر بە هێزی ژیان بوەستێت؟ بۆچی ژیان ناتوانێت ئەو شتەی لە زەوی وەریگرتووە لە هەسارەکانی تر دەستی بکەوێت؟ ئەمە خۆی لە خۆیدا وروژاندنی بابەتێکی ئاڵۆزە بۆ بەدەستهێنانی وەڵامێکی یەکلایکەرەوە بۆ ئەم جۆرە پرسیارانە زەحمەتە.

شاعیر خەیاڵ و خەون مەزندە خودییەکانی خۆی بەرجەستەدەکات. بۆیە زمان دەکاتە ئامرازی دەربڕین بۆ بیرەکان. لە ڕێگەی زمانێکی شیعری ئاودار و بە سۆز و خەیاڵی، بە پشت بەستن بە هونەرە ڕەوانبێژەکان کارەکەی ئەنجام دەدات. ئەمەش خۆی لە وێنەی شیعری دەبێتەوە. لە شوێنێکی تر گفتوگۆ لەگەڵ هێزێکی نادیار دەکات، یاخود هێزێکی نەمر دەکات کە ئەوان لە سەر ئەم ژیانە تاهەتایە بە نەمری دەمێننەوە، بەڵام (ئێمە) کاتێکی دیاریکراوی هەیە. ئەم ژیانە جێدەهێڵین، یاخود پرسیار لەوە دەکات دوای مردنی ئایا زەوی چ نیاز و نهێنیەکی هەیە لە بارەی خودی شاعیرەوە، پێیدەڵێت یاخود ئەو نهێنییە چییە کە زەوی دوای مردنی پێیدەگات؟ ئایا شاعیر لە چاوەڕوانی ئەوەدایە کە دوای مردنی، زەوی وەڵامی پرسیار و گومانەکانی هەیەتی بۆی بدرکێنێت؟ یاخود چ نهێنییەك هەیە کە چاوەڕێ دەکات پێی بگوترێت، هەروەك دەڵێت:

**ئێمە بۆ لێرە دەمرین**
**ئێوە بۆ لێرە دەژین (ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٧٠)**

**دەمەوێ چی بزانم**
**ئەرێ زەوی خەون پێوەبیندراو**
**کە مردم**
**هاتمەوە هەناوتەوە و بوومەوە سووری خوێنت**
**چ نهێنییەکم و چ نهێنییەکم پێدەڵێیت (ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل٥٦)**

شاعیر لەگەڵ خودی خۆی دەکەوێتە قسەکردن. قسەکانیشی شێوازی پرسیارکردنە، پرسیارەکانیش ئاراستەی خۆی دەکات، بۆیە بە شێوەیەك لە ڕامان و زیندەخەون هەژماردەکرێت، شاعیر ((پرسیار لە بزربوونی ڕۆژانی گەنجی خۆی دەکات و گومان و ڕاراکەشی لە پیری لای پەیدا دەبێت))(عەبدوڵلا٢، ٢٠٠٨،ل٣٤٣). هەر وەك دیارە شاعیر بەهۆی ئەو ژیانە سەخت و دژوارەی کە لە تەمەنێکی بچووك بە سەری هاتووە، لەوانە لەدەستدانی باوك و بەرپرسیاریەتی ماڵ، دواتر داگیرکردنی گوندەکەیان و کۆچکردن بۆ ژینگەیەکی جیاوازتر. ئەمانە هەمووی بە سەریەکەوە وایکردوە منداڵی وەك خۆی نەژیەت، بۆیە بە وێنەیەکی جوان و پڕ مانا دەیخاتەڕوو، دەڵێت:

**چی منی هێنا**
**منداڵیم لە ناو پیریمدا گۆشەگیرە (ڕەنجدەر١٬٢٠١٨،١،ل٥٤)**
**چ ژیانێکم هەبوو**
**ئاوێنەی دڵخۆش دەیزانی چ ژیانێکم هەبوو**
**لای پەنجەرەیەك وەستابووم**
**گوڵ و درەختەکانی دەیانناسیم (ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل٣٢)**

پرسیار و گومانەکانی شاعیر لە بارەی ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆر تاوەکو دێت زیاتر دەبێت. دەپرسێت ئایا بۆچی مرۆڤ ڕوخساری زوو دەگۆڕێت، بەڵام زەوی بەم شێوەیە نییە، ئایا هۆکارەکەی بۆ پاکی و بێگەردی سروشت دەگەڕێتەوە؟ مرۆڤ بەم شێوەیە بێگەرد نییە. بۆیە ڕووخساری زوو گۆڕانکاری بە سەردا دێت، یاخود دەپرسێت ئایا حیکمەتی بە تەمەندا چوون چییە؟ کە زۆرجار لە نێو کۆمەڵگادا دەبیستین کەسێك تەمەنی زۆر نییە، بەڵام کەسێکی تێگەیشتووە لە ڕووی عەقڵییەوە تەمەنی عەقڵی لەگەڵ تەمەنی جەستەیی جیاوازی هەیە، بۆیە شاعیر دەپرسێت ئایا حیکمەتی بە تەمەندا چوون ژمارەی ساڵەکانی تەمەنە، یاخود شتێکی تر هەیە پێ بناسرێتەوە؟ هەروەك دەڵێت:

**ئەرێ ڕوخساری زەوی بۆ چورچولۆچی تێناکەویت**
**روخساری مرۆڤیش لە دڵدانێکدا**
**جوانی بەردەبێتەوە ناو هەویرێکی ترشاو (ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل١٧٧)**

**حیکمەتی چوونە تەمەن لە چیدا ڕووندەبێتەوە (ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل٢٢٠)**

**ئەرێ لە بەهەشت گۆڕستان هەیە (ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل٤٠٦)**

ئەمە پرسیارێکە کە هەڵگری قووڵترین گومانە، بەپێی کتێبە ئاسمانییەکان پێت بەهەشت ماڵێکی ڕۆشنی هەمیشەیی و هەتاهەتاییە، ئەو کەسانەی دەچنە بەهەشتەوە دەگەنە نێو ماڵ و نێو ژیانە هەمیشەییەکەی. بەهەشت شوێنی ژیانە نەك مردن، بەڵام شاعیر گومان لەم چەمکە جێگیر و ڕەهایە دەکات و کەلێنێك بۆ گومان دەهێڵێتەوە و دەپرسێ ئەرێ لە بەهەشت گۆڕستان هەیە. هەمووومان دەزانین گۆڕستان ماڵێکە بۆ مردووەکان نەك بۆ مرۆڤە بەهەشتییەکان، لە هەر شوێنێك گۆڕستان هەبێ مانای وایە ژیان و مردنیش هەیە. بە مانای دیسان لە بەهەشتیش مردن هەیە، بۆیە پرسیاری ئەوەش دەکات مرۆڤ دوای ئەوەی چووە بەهەشتەوە هەمان ترسی مردن کە لە سەر زەوی هەیبوو، لە بەهەشتیش ئەو ترسەی دەبێت، ئایا بەهەشت تەنیا بۆ مرۆڤەکانە، یاخود ئاژەڵ و باڵندە و گیانلەبەری تریشی تێدا دەبێت. واتە گومانەکانی شاعیر تا دێت قوڵتر دەبێتەوە. ئەوەش لەگەڵ باوەڕە و کتێبە ئاسمانیەکان دژ و ناتەبا دێتەوە، ناگونجێ. بەڵام ئەم پرسیارە گومان و ڕەهەندێکی مەعریفی قووڵی لە پشتە، شاعیر دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە هەموو پرسیارێك گومانێکی گەورەی لە پشتە هەموو گومانێکیش مەعریفەیەکی قووڵی لە پشتە، ئەمانەش هەموو جۆرێکن لە ڕامان و زیندەخەون کە دەقی شیعری لەسەر بنیاتنراوە.

**ئەرێ بۆ بەس خودا دەزانێ بە هەشت لە کوێیە (ڕەنجدەر١ ،٢٠١٨،ل٤٥٧)**

درێژەی گومان و پرسیارەکانی شاعیر تا دێت درێژدەبێتەوە، ئەوجارە پرس لە بارەی شوێنی بەهەشت دەکات، دەیەوێت لە ڕێی گومانەوە شوێنی بەهەشت دیاری بکات، یاخود لە دێرە شیعرێکی تردا بە وشەی (ئەرێ) دەپرسێت بۆچی خوای گەورە تەنیایی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بەڵام بۆ مرۆڤ بەم شێوەیە دروست نەکردووە، بەڵکو وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دروستی کردووە. ئایا حیکمەتی ئەمە لە چیدایە؟ هەروەك دەڵێت:

**ئەرێ خودا بۆ تەنیایی بۆخۆی هەڵبژارد و بەرەو لای ئێمە خاك هەڵدەکۆڵێ**
**(ڕەنجدەر١٨٠٢،١،ل٤٥٠)**

دواتر پرسیار لەوە دەکات خوای گەورە ئادەمی لە چ شێوەیەك دروستکردووە؟ دەبێت شاعیر مەبەستی چ شێوەیەك بێت. لە ڕووی جەستەیی و عەقڵییەوە ئادەم جیاواز دروستکراوە؟ یاخود ئێمەی مرۆڤ کە وەك نەوەی ئادەم هەژماردەکرێین دەبێت شێوە و ئەدگارمان بەشێوەیەکی گشتی بگەڕێتەوە سەر باوکە ئادەم، واتە لەوانەیە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان مرۆڤی ئێستا و ئادەم نەبێت جگە لە هەندێك جیاوازی لە ڕووی جەستەیی و درێژی تەمەن و هەندێك لایەنی تر، دواتر پرسیارەکانی لە بارەی ئادەم درێژەی دەبێت، وەك هەموو مرۆڤێك خولیای ئەوەیەتی بزانێت ئادەم بە چ زمانێك قسەی کردووە، دەڵێت:

**ئەرێ خودا لە شێوەی چیدا ئادەمی دروست کرد (ڕەنجدەر٢٠١٨،٢،ل٤٧٣)**
**ئەدی ئادەم بە چ زمانێك ناوی لە شتەکان نا و دوا (ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل٣٢٠)**

لە شوێنێکی تر پرسیار لەوە دەکات، ئایا ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ هەریەکەیان بە تەنها دەژین، ئایا ڕۆح لە چ شوێنێکی جەستەدا دەژی، واتە ئایا ڕۆح وەك ئەندامەکانی تری جەستە ئەندامێکی دیارکراوی هەیە. ئەگەر نییەتی ڕۆحی مرۆڤ لە کوێیە؟ ئەمەش گومان و تێڕامانێکی ورد و قووڵە کە بە بیری هەموو مرۆڤێك داهاتووە، بەڵام نەگەیشتوون بە هیچ وەڵامێك.

**ئەرێ گیان لە کوێی جەستەدا دەژی (ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل٢٦٣)**

بێ وەڵامی لە بارەی ئەم پرسە و چەندین پرسی تر وایکردووە مرۆڤ دەستەوەستان بوەستێت و پرسیار و گومانەکانی لەبەر ڕاهاتن بێت، یان هەر هۆکارێکی تر بێت نەیخاتە ڕوو. هەروەك لە شیعرێکیدا دان بەوە دەنێت و دەڵێت:

**ئەدی ئەم ڕاهاتنە سروشتییە چییە هەموو شتەکان سەد بارە دەبنەوە و پێشیانڕازین**
**(ڕەنجدەر٢٠١٨،٢،ل٤٥٠)**

لە شوێنێکی تریشدا دەپرسێت کە حیکمەتی نوێژکردنی نوێژەبارانە لە سەر خۆڵ لە چیدایە، بۆچی ناتوانرێت هاوشێوەی نوێژەکانی تر لە سەر دووگورد ئەنجام بدرێت. ئەگەر زۆری ڕێژەی ژمارەی نوێژکەران بێت لە مزگەوتەکانیش ڕێژەیەکی زۆر نوێژکەر ڕووی تێدەکەن، بۆچی ناتوانرێت نوێژەبارانەش لە مزگەوت ئەنجام بدرێت:

**ئەرێ بۆ نوێژی ڕۆژەکان لە سەر دووگورد دەکرێ و نوێژە بارانەش لە سەر خۆڵ**
**(ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل١٦٣)**

پرسی ئادەم و حەوا لە گومان و تێڕامانەکانی شاعیر دوورناکەوێتەوە، دووبارە بە شێوازێکی جیاوازتر گومانەکانی دەخاتەڕوو، دەڵێت:

**ئەرێ سێو بۆ لە میوەکانی دی جیاکرایەوە**
**قەدەغەش کرا**
**کەی ئاسایی دەبێتەوە کەرتێکی بخۆین (ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٣٦)**

دیارە ئادەم و حەوا دوای شکاندنی فەرمانی خوا و گوێڕایەڵیکردنی شەیتان لە بەهەشت دوورخرانەوە وەك قەرەبوویەك بۆ ئەو تاوانەی ئەنجامیاندا نێردراونە سەر زەوی، ئەمە لە کتێبە ئاسمانییەکان بە تایبەت قورئانی پیرۆز باسکراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی گومان و سەرسوڕمانە، شاعیریش بە هەمان شێوە پرس و گومانی لەبارەوە هەیە. ئایا بۆچی ئەو میوەی کە باس دەکرێت بریتییە لە سێو کە ئەمە لە قورئاندا بە هیچ شێوەیەك دیاری نەکراوە و نازانرێت، بۆیە پرسیار لەوە دەکات بۆچی سێو، ئایا ئەگەر بە ڕاستی سێو ئەم میوەیە بێت بۆچی لە نێو هەمەچەشنی میوەکان سێو دیاریکراوە، بۆ میوەیەکی تر نەبوو، یاخود بۆچی خواردنی لە سەر گۆی زەوی حەرام نەکراوە؟ ئەمە و چەندین پرس و گومانی تر.

هەروەها شاعیر بە پێی ئەزموونی ژیانی ئەوەی بۆ ڕوون بۆتەوە کە باوك و باپیران لە ژیانیاندا تێڕوانینێکیان هەبووە لە پێناویدا جەنگاون، بەڵام لەم سەردەمەی ئێستادا شتەکان وەك خۆیان نەماون و ڕوون نین. مرۆڤی ئێستا نازانن بۆچی دەژین و چییان دەیەوێت لەم ژیانە. تەنانەت ئەو شتەی بۆچی دەجەنگن خۆیان لە بارەیانەوە هیچی لێنازانن، دەڵێت:

**ئێمە دەزانین باپیرەکانمان لە پێناو چیدا جەنگان**
**بەڵام نازانین خۆمان لە پێناو چیدا دەجەنگین (ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٢١٤)**

شاعیر دوای گەشتە گەردوونییەکەی وەك باڵندەیەك بە نێو ئاسمانەکان گەشتی خۆی دەکات و لە نێو سروشتە جوان و سەرنجڕاکێشەکەی ئاسمان وردەبێتەوە و پرس و گومانەکانی تەنیا لە ژیانی دوایی و ژیانی زەوی نامێنێتەوە، بەڵکو ڕووی گومان و پرسیارەکانی لە ئاسمان و ئەستێرە و مانگ و خۆر دەکات. دەڵێت:

**مانگ لە ڕووناکیدا**
**چ زمانێك بەکاردەهێنێ (ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٣١١)**
**ئەرێ خۆر لە هەڵاتن و ئاوابوونیدا چۆن بیردەکاتەوە**
**ئەستێرە ئەگەر بە ڕۆژ بە ئاسمانەوە بووایە (ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل١٥٦)**
**خۆر گەرمی دەکردەوە (ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل١٧٨)**

شاعیر بە چاوێکی تەلەسکۆبی سەیری دیاردەکانی دەوروبەر دەکات و بە زەینێکی قووڵەوە لە ئاسمان وردبۆتەوە و کۆمەڵێك پرسیاری جۆراوجۆری کردووە، کە هەریەکەیان لە شوێنی خۆی چەندین پرسیار و گومانی تر هەڵدەگرن. لە ڕوخساردا ڕستە شیعرییەکان بە کەرەستەی سادە و ڕوون دەربڕاون، بەڵام کاتێك دەچیە قووڵایی بابەتەکەوە ئەوا هەریەکەیان بابەتێکی سەربەخۆ و جیاوازن.

گومانەکان بەردەوامن، شاعیر لە نێو بیرکردنەوەکانی بە قووڵایی گومانەکاندا شۆڕبۆتەوە، گومان لە بیرۆکە میراتییە تەقلیدییەکان، بیرۆکە میتافیزیکییە چەسپاوەکان دەکات. دەتوانین بڵێین گومان لە هەموو شت دەکات و لە ڕێگەی پرسیارەکانیش مەودای گومان و بیرکردنەوەکانی فراوانترکردووە، ئەو گومانانەی کە لە بەرهەمە شیعرییەکانی بەرجەستەی کردووە جگە لەوەی دوور نیگایەکی مەعریفی و وشیاری قووڵی هەیە. لە هەمانکاتیشدا

شێوزایێکی ئیستاتیکی بە دەقە شیعرییەکە بەخشیووە. گومان لە کات و زەمەن، سروشت و دەوروبەر دەکات. لە ڕێگەی پرسیارەکانیشی گومانەکانی قووڵتر کردۆتەوە. شاعیر جەستەیەکە پڕواپڕ لە خەون و خەونەکانی پڕاوپڕن لە گومان، نازانێ چ لە خەونەکانی بکات و بیداتە دەست کێ، بە کام ڕێگادا بڕوات تا لەوسەرەوە بە ئومێد و خەونەکانی بگات، ڕێگاکان تەماوی و تاریکن لە نێو بێشکەی مەشخەڵانێکدا، دەروونی تاساوی پڕە لە خەون و کڵپە دەکات. لە هەمان کاتیشدا نازانێ خەونەکانی چی لێبکات. لە ڕێگەی پرسیارەکانەوە گوزارشت لە ناخ و هەستە گوماناوییەکی خۆی دەکات. لە نێو ئەم هەوڵانەی دەیەوێت ئەوەی لە ناو زەینیدا هەیە بە سوود وەرگرتن لە پڕۆسەی خەون دنیایەك و شێوازێکی نوێی تایبەت بە خۆی وێنە بکات.

## خەونی گرێی (کۆمپلێکس)

خەونی گرێی، یاخود فلاشباك ئەم چەمکە زیاتر گوزارشتە بۆ ئەو ڕووداوانەی لە کاتی ڕابردوو ڕوویانداوە، لە ئێستادا دووبارە بە بیر دەهێنرێنەوە. بە چەند شێوەیەکی جیاواز زیندوو دەکرێنەوە. واتە  هەموو ئەو بۆچوون و((یادگارییانەیە کە بەهایەکی سۆزداری بەهێزیان هەیە. لە ئاستی بێ ئاگاییدایە و بەستراوەتەوە بە ژیانی تاك لە منداڵیەوە))(دزەیی،٢٠٢١،ل٥٩). واتە یەکێك لەو سەرچاوانەی خەون پێکهێنەرەکانی لێوەردەگرێت و سەر لە نوێ دایاندەڕێژێتەوە بریتییە لە منداڵی.((جیهانی نائاگایی کە وەکو مۆزەخانەیەك بەشی هەرە زۆری یادەوەری و هەستە سەرکوتکراو چەپێنراوەکانی ژیانی ڕۆژانەمان لەوێدا عەمبار دەکرێن و لە کاتی پێویستدا سەرهەڵدەدەنەوە دێنە پێشەوە))(سوڵتان،٢٠٢١،ل٧). بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین هەندێکجار خەون سەر لە نوێ دارشتنەوە و ئەزموونێکی دوور و لەبیرکراوی ژیانێکی زۆر دوور دێنێتە پێشەوە. لەوانەش یادەوەرییەکانی منداڵی و گەنجی دێنە ناو خەونەکانمانەوە. ئەو بابەتانەی ماوەیەکی زۆرە لەبیرکراون، یاخود هەوڵی لە بیرکردنی دەدرێت ئەوا لە ڕێی خەونەوە دێتەوە بەر شاشەی زەینمان و دووبارە بیرمان دەخاتەوە. واتە خەون لە قوڵترین شوێنی ناخەوە کە بە درێژایی تەمەن ئەزموونەکانی منداڵی لە سەر کەڵەکە بووە، وێنەی خەڵك  شوێن و شتەکان دەهێنێتە دەرەوە بە جۆرێك وەك ئەوەی تازە بن. لە نێو بەرهەمە شیعرییەکانی سەباح ڕەنجدەردا ئەم جۆرە شیعرانە ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە نێو دەقەکاندا هەیە، چونکە بەشێکی دەقە شیعرییەکانی شاعیر لە هەستێکی خودییەوە سەرچاوەی گرتووە. هەر وەکو شاعیر لە بارەی یەکێك لە دیوانەکانی  کە بە ناوی (زێوان)، دەڵێت:((شیعری بێگەرد وەك مەسیح لە دایکێکی پاکیزە لە دایك دەبێ لەم دەقەدا هەوڵمداوە بگەڕێمەوە بۆ کرۆك و ناوکی گیانی منداڵی و بە تاسە و سۆزێکی تایبەتەوە لە زەیندا سەردانی شوێنی منداڵیم بکەمەوە بەهرە و سروشم لە سروشتێکی پاکیزە و نەژاکاو وەردەگرت وەك سەرچاوەیەکی بە پیت و یارمەتیدەر بۆ خەملاندنی بیرکردنەوە لێی نزیك دەبوومەوە))(حوسێن،٢٠١١،ل١٠٥).

سەباح ڕەنجدەرە، لەم ئەزموونەیدا زیاتر گەڕاوەتەوە نێو ژیانی ڕابردووی خۆی و ساتە خۆش و ناخۆشەکانی تێدا تۆمارکردووە، بە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە دەتوانرێت بەشێکی ژیانی شاعیر بە ڕوونی بەشێوەی زنجیرەیی وێنابکرێت. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە نزیکترین یادەوەری کە لە بەردەستی شاعیردایە یادەوەری ژیانی تایبەتی خۆیەتی، کە شاعیر لەمبارەیەوە دەڵێ((منداڵی سرووشدەری شاعیرە و هەستیاری بەرزدەکاتەوە، شیعر دەکاتە نموونەیەکی کەسی. هێز نییە منداڵیی لە ناو ئەدەبی ئێستێتیکیدا شپرەزە و جوانەمەرگ بکات))(ڕەنجدەر١، ٢٠١٩،ل٩٧) شاعیر لە چەند شوێنێکی بەرهەمی زێواندا چەند وێستگەیەکی ژیانی بە شێوەی خەون وێنا دەکاتەوە. دەڵێت:

**منداڵی هێشتا ناونراوم لەسەر ڕانی ئەو ڕێیانەی دەبنە حەکایەت**
**خۆی دەگێڕێتەوە  (ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٦)**
**منداڵیم لە ڕاوەماسی و کۆلارەهەڵدان و هێلکەشکان داماڵدرا**
**(ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل١٤)**

**منداڵیم ئارەقەی شیشەی زیندانان بوو**
**ژووری زیندانیش بۆنی دووکەڵی کزری مێشك گران دەکات**
**گەنجیم شکا**
**وەك بڵێی ئادەم و حەوای خانەوادەی دڵسۆزمان هەست بە هیچ نەکەن**
**(ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٤٢)**

**دوێنێم چ شەوگارێکی ئارام بوو**
**گەرمایی چرای زێوانم بە خۆمدادا**
**سەرینیشم پوونگی نواڵان**
**نواڵە و گوندی گەنجینەی منداڵیم**
**خاچن پێیانەوە داکوتراوم  (ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٤٤)**

**پیرەژنێك گرەوی لەگەڵ چیایە**
**دەمی کوڵینگ بپەڕێن**
**فەرهاد پەیمان شکێن بکات  (ڕەنجدەر٢٠١٨،١،ل٥٥)**

**نواڵە ئێستا کاتژمێرەکەی نوستووە**
**ماوەیەکە پیاسەمان بەتاڵکردووە  (ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٢١)**

شاعیر لە نێو ئەزموونی زێواندا توانیویەتی بەشێکی وێستگەی ژیانی خۆی تێدا ئەزموون بکات و لە ڕێی چەند وێنەیەکی هونەرییەوە باس لە سەردەم و شوێنی لە دایکبوونی، کە بە شێوەیەکی زەینی وێنای ئەو شوێنە دەکرێت ئاماژە پێکردووە. بە خویندنەوەی گشتی بەرهەمەکە دەتوانرێت ڕایەڵە گشتییەکانی ژیانی دیاری بکرێت. ئەوانیش بریتین لە ژیانی منداڵی و بە سەربردنی لە نێو ماڵ و خزم و کەسی، بەڵام بەهۆی هۆکاری سیاسی لە گوندەکەیان دووردەخرێنەوە و ڕوو لە شار دەکەن. بۆ شاعیر ژینگەیەکی تەواو جیاواز بووە، دواتر ئاشنا دەبێت بە کچێکی کورد کە  بە ناوێکی خوازراوە بە(نواڵە) ناوی بردووە. جۆرێك هیوا و ئومێد بۆ ژیانی دەگەڕێنێتەوە، بەڵام لە بەر هۆکاری سیاسی و قەدەغەکردنی هاتووچۆ ناتوانێ بە پێی پێویست بچێتە سەردانی خۆشەویستەکەی. بەهۆی دەست تێوەردانی ژنێکی بە تەمەن، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی لە خۆشەویستەکەی. دواتر لە چەند وێنەیەکی شیعر جیاجیادا چەند وێستگەیەکی تری ژیانی دەخاتە ڕوو، لەوانە لە دەستدانی بەنرخترین شت، ئەویش منداڵییەتی کە نەیتوانیوە هاوشێوەی منداڵانی تر لەم تەمەنەدا منداڵی خۆی بەسەر ببات. بۆیە وەك زیندانییەك سەیری دەکات و بەشێکی تەمەنی وەك ونبوویەك بەدیدەکرێت. بەم شێوەیە زنجیرەی ژیانی منداڵی شاعیر لە نێو ئەم ئەزموونەیدا بە ڕوونی هێڵەکانی دیارن. بۆیە بە درێژایی ئەم ئەزموونە هەست بە نامۆبوون دەکرێت، خۆشی لەم بارەیەوە دەڵێت ((من لە ناو وڵات و کەس و کار و ماڵەکەی خۆمدا ئەم دەقەم بەرهەمهێناوە کەچی نامۆبوون تەواو تانوپۆی چنیووە، بە ئەزموونی تاراوگەکراو نامۆبوون تێدەپەڕیم ڕەچاوی گۆڕانی بارودۆخم کردووە ئەم دەقە دەقێکی مۆنۆدرامییە سروشتێکی زەینی و گیانی هەیە بە شێوزای مەنەلۆگی ناوەوە بەرهەم هاتووە پێش ئەوەی لە لاپەڕەی دەفتەردا نووسرابێت لە ناخمدا نووسرابوو بە پڕتاو هاوارەوە دەهاتە دەرەوە))(حوسێن،٢٠١١،ل١٠٩). دەردەکەوێت بەشێکی زۆری یادگەی شاعیر پەیوەست کراوە بە ژیانی منداڵی، دەڵێت:

**ئەم دنیایە**
**سێ بەشی ئاوە**
**بەشێکی زەوی**
**منیش سێ بەشم گوندی گەنجینەی منداڵی**
**بەشەکەی دیکە حەکایەتی پاڵەوانەکانی دەم ئاگردانی داپیرە**
**(ڕەنجدەر٢٠١٨،١،ل٢١)**

لەم وێنە شیعرییەدا شاعیر بۆ خستنە ڕووی ژیانی خۆی، بەراوردێك لە نێوان گۆی زەوی

و خۆی دەکات. زەوی لە چوار بەشی سێ بەشی ئاوە و بەشەکەی تری وشکانییە، بەڵام خۆی سێ بەشی یادەوەرییەکانی منداڵی و ئەو گوندەی تێدا ژیاوە کە شوێنی ڕەچەڵەکی خۆیەتی وەك گەنجینەیەك لە یادگە و زەینیدا یادەوەرییەکانی پاراستووە. لە هەمانکاتدا بەشەکەی تری بریتییە لەو سەرگوزشتە و حیکایەتانەی کە لە ڕابردوو لە سەردەمی منداڵی لە داپیرە و کەسە بە تەمەنەکانی بیستووە. ئەو گەڕانەوەیە بۆ ژیانی منداڵی و بۆ کەشوهەوای ناو گوندەکەی و گەڕانەوەی ڕوخسارە لە یادکراوەکان و باڵندە ڕەنگاوڕەنگەکان، گەڕانەوەیە بۆ زەمەنی جوانی و پەپولەیی، زەمەنێك کە بەشێکی گرینگ لە کەسایەتی و دەروونی مرۆڤ پێکدەهێنێت. ئەو گەڕانەوەیە وەکو خەونێك وایە هەمیشە گەورەکان وەکو بڕووسکە خەونێك، بەشێك لە ژیانی منداڵیان لە ناو یادەگەیاندا تۆمارکراوە و بە ئاگا یان بێ ئاگا لە کات و ساتی دیاریکراودا دێتەوە بەرچاویان.(ڕەحمان،٢٠٢١،ل٩١). شاعیر کە باس لە قۆناغی منداڵی خۆی دەکات. هەندێ وێستگەی منداڵی هەیە کە نوغرۆی مەرگەسات و ناخۆشییە. سەرتاپای تەمەنی قۆناغی گەنجێتی ماوەیەکی کەمی لێدەرچێت، تروسکەی شادی تێدا نەبووە. وەك دەڵێت:

**خۆم هاویشتە بۆشایی بوون**

**بەخشندەیەك دەستی میهری بۆ درێژ نەکردم (ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٧٠)**

ئەمە لووتکەی ئازار و خەمەکانی شاعیر دەردەخات لەو قۆناغەی ژیانیدا ئەوەندەی تاڵی چەشتووە، تەنانەت کەسێك شك نابات دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکات. بە ڕادەیەك هەستی بە تەنیایی کردووە. شاعیر چونکە خاوەنی یادگەیەکی فراوانە. ڕاستەوخۆ لەپاڵ عەقڵدا کار دەکات. ئەو غەدرەی لە منداڵی شاعیر کراوە وای کردووە هەست بە کەموکوڕی ژیان بکا. ئەوانەی خاوەن دروشمی زەق بوون، ئەم دروشمانەیان تەنیا بۆ کوشتنی جوانی داهێنان بەکارهێناوە. جیهانی منداڵی چێژ و جوانی تایبەتی خۆی هەیە. ئەگەر کەسێك چێژ لەم دنیایە پەپولە ئاساییە وەرنەگرێت، ئەوا تا ماوە لێی دەبێت بە گرێیەکی دەروونی. شاعیریش یەکێکە لەو مرۆڤانەی کە نەیتوانیوە چێژ لە منداڵی وەربگرێت. ناتوانێ ساتەکانی منداڵی فەرامۆش بکات چ بە نووسین و چ بە بیرەوەری. منداڵی بۆ خۆی بریتییە لە مەزنترین دەسپێك و سەرەتای ژیان. ئومێدەکان لەوکاتەوە دەست پێدەکات. شاعیر توانیویەتی هەریەك لە وردەکارییەکانی ئەو منداڵییە بەکاربێنێ و بیکات بە سەرچاوەی ئیلهام و خەونەکانی.

**سوپاس بۆ گوڵی بۆنەکان**

**ئەو گوڵەی لە یەکەم ڕۆژی لە دایکبوونم پێشکێشم کرا**

**ئەو گوڵەی لە یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەم**

**ئەو گوڵەی لە یەکەم ژوانی دڵداریمدا**

**ئەو گوڵەی لە بڵاوکردنەوەی یەکەم شیعرمدا**

**ئەو گوڵەی لە چاپکردنی یەکەم کتێبمدا**

**ئەو گوڵەی لە ڕۆژی زاوایەتیم**

**ئەو گوڵەی لەدایکبوونی یەکەم منداڵمدا**

**من لە ژیان بەردەوام**

**سوپاس بۆ کۆسپەکانی لە بۆسەدا**

**گوولەیان ملکەچی سیمرخی ڕژاوم کرد (ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٣٥٠)**

لە دەستپێکی ئەم دەقەی سەباح ڕەنجدەردا چەند وێنە و دیمەنێکی جۆراوجۆری وێستگە ڕابردووەکانی ژیان دەبینین لە فۆرمی زەینیدا خراونەتە ڕوو. وێنەکان نزیکن لە یەکترییەوە، ڕەنگدانەوەی چەند قۆناغێکی مێژوویی تەمەنی شاعیرن، کە لە نەست و ناخودئاگای نوستووی شاعیردا ڕەگیان داکوتاوە و چەسپاون. بە جۆرێك کاریگەرییان لای شاعیر دروستکردووە. تەنانەت زەینی شاعیریان لەگەڵ خۆیاندا گرێداوە. لەگەڵ ئەو قۆناغەی تەمەن کە هیچ مرۆڤێك بە بیر و خەیاڵیدا نایەت، ئەویش سەردەمی لە دایکبوونەوە، ئەو گوڵەی لە یەکەم ڕۆژی لە دایکبوونی پێشکەشی کرا تا دەگاتە ئەو گوڵەی کە لەگەڵ لە دایکبوونی یەکەم منداڵی پێبدراوە، بە چەند وێنەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لە دوای یەك خستویەتیەڕوو. لە هەمانکاتدا باس لە چەند کەسێك دەکات بۆسە و تەڵەیان بۆ داناوە بۆ ئەوەی شکستی پێبهێنن، بەڵام ئەمانە نەبونەتە ڕێگر لە بەردەم هیوا و ئاواتەکانی، بەڵکو بە پێچەوانەوە بووەتە هۆی جەختکردنەوە بەردەوامی پێدانی ئەزموونەکەی. هەربۆیە سوپاسی ئەوانەش دەکات کە لەمجۆرە بۆسەیەدا بەشداربوون. ئەم جۆرە وێنانە ئەوە دەردەخەن کە شیعر لای شاعیر ((بەرهەمی نەستی شاعیرە و پەیوەستە بە خودێتی و دەروونی شاعیرەوە هەر بۆخۆشی سەرچاوەی شیعرەکەیە)) (سەعدون ،٢٠١٥،ل٧٧) لە پێکهاتەی شیعر یادەوەری کەرەستە و توخمێکی سەرەکییە بۆ نووسینی شیعر، بە تایبەت ئەگەر گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیش لە ئامێزی خەوندا بێت. لە چەند شوێنێکی تریشدا باس لە دوو بەسەرهاتی ناخۆش و دڵتەزین دەکات، ئەویش لە دەستدانی دوو برای خۆشەویستی، وەك دەڵێت:

**سێ جار ئادەم مرد**

**جارێك پەنجەکانی بوون بە کێل**

**...**

**تا تەکسیشم ڕاگرت دووکەڵی جغارەی بابم**

**لە پرچ و نێوان پەنجەکانم ما**

**دەرگای گۆڕی پێکدادا**

**هێمنی گۆڕستانی پاراست**

**من لە خاك دوورکەوتمەوە**

**...**

**بەینی پەنجە گۆڕەوشاری دەنکەکانی تەزبیحە**

**١٩٨٨/٨/٢٥ چاوی خالید سابیر حەسەن بووە ئاو**

**ڕژایە بن درەختی بنەماڵە (ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل٩٨)**

**...**

**٢٠١٢/١٢/٨عەباس سابیر حەسەن**

**گەرمایی دەستی لە ناو دەستم ساردبووەوە (ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل٤٠٦)**

دیارە لە دوو شوێن و کاتی جیا، دوو برای شاعیر گیانیان لە دەستداوە. ئەم ڕووداوانە وەکو کۆستێك بووە لە بەردەم شاعیر، چونکە بێ پشت و پەنا ماوەتەوە. هەربۆیە لە زەینیدا گەڕانەوەی ڕۆحی پاکیان و تێکەڵبوونی جەستەیان لەگەڵ خاك و خۆڵی زەوی لە دەروونی شاعیر لە یادناکرێت. هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی لە بیر و یادگەیدا بێت. هەمیشە لە شاشەی زەینیدا ئەم ڕۆژ و ڕێککەوتەی لە بیرە لەگەڵ بە بیرداهاتنەوەی ئەم ساتە، هەمان تاسە و ناخۆشی و دڵتەنگی لا دروست دەبێتەوە، ئەمەش بووە بە سەرچاوەی وێنە شیعرییەکەی. لە هەمانکاتدا لە شوێنێکی تریشدا باس لە ڕووداوێکی تری ناخۆش دەکات ئەویش برینداربوونی باوکی بە دەستی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە، دەڵێت:

**١٩٦٣/٦/١٣ حەرەس قەومی**

**قۆنداغەی تفەنگیان**

**لە سینگی سابیر حەسەن سلێیان شکاند**

**خوێن لە فاتەڕەشی بەربوو**

**تلایەوە و بە سەردا گینگڵیدا**

**تەمەن و ژیانی بووە پرتەقاڵێکی خۆرکە لێدراو**

**١٩٧١/١١/١٤خوێنی خاوبووەوە و گەشەی نینۆنەکانی وەستا**

**(ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل٤١٥)**

شاعیر مردنی باوکی وەك ڕووداوێکی تراژیدی دەکاتە میکانیزم و ناوەرۆکی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی، ئەو بۆشاییە گەورەیەی کە مەرگی باوکی بەجێدەهێڵێت دەبێتە بۆشاییەکی ڕوحیی گەورە، وەك دیارە شاعیر تەمەنی شەش ساڵان بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، هەرچەندە تەمەنی بچووکیش بووە، دیمەنی بریندارکردن و ئازاری باوکی و تلانەوەی بە دەست نەخۆشی، بەڵام توانیویەتی ئەو ڕووداوە کە خۆی بینیویەتی و ئەوەی بۆی

باسكراوه، هەموویان لە زەینیدا بەرجەستە بكات و بۆماوەیەكی درێژ لە نێو یادگەیدا بهێڵێتەوە، دواتر لە ڕێگەی خەونەوە دووبارە لە شاشەی زەینیدا وێنەكان بهێنێتەوە بەرچاوی و لە ڕێی زمانەوە گوزارشت لەم بەسەرهاتە ناخۆش و دڵگرانە بكات.

**دیوارێكی سەهۆڵینی ناقۆڵا بە دەموچاوی شەممەی خوێناوی دادەدەم**
**لە شەممەدا باوكم فاتەرەشەی ئەستور بوو**
**لە شەممەدا دایك فەرشەی شكا**
**لە شەممەدا دوو برازام بەردی بن پێیان خزی**
**لە شەممەدا خوشكەزایەكم لەگەڵ ئاودا شەڕی ڕاگەیاند و شكا**
**لە شەممەدا یەكەم پایسكلم دزرا**
**لە شەممەدا دەرزییان دا گوجیلەكەم و لە نزیك شوێنی تۆپانێم ناشتم**
**لە شەممەدا بەردی خەتخەتانێی كیژانی دەربەندی گۆم فراند و هاویشتمە تێتراواسك**
**شەممە جۆرێكە لە تەنیاكردن و دوورییەكە بۆ من ماوەتەوە**
**(ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل:١٧٣)**

دیارە شاعیر گەشتێكی دوورودرێژی بە نێو یادگەیدا كردووە و لە نێو یادەوەرییەكانیدا تەنیا ئەو ڕووداوانەی ئاماژەپێكردووە كە ناخۆش و ئەستەم بووە و كاریگەری دەروونی لە سەر بەجێهێشتووە، ئەویش بریتییە لە دەستدانی چەند كەسێكی ئازیزی، كە بریتین لە باوكی و دوو برازای و خوشكەزایەكی. لە هەمانكاتدا لە دەستدانی خۆشەویسترین كەلوپەلی یاریكردنی و گوجیلەكەی، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە شاعیرهەموو ڕووداوەكانی پەیوەست كردووە بە یەك ڕۆژ، ئەویش ڕۆژی شەممەیە، هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم ڕۆژەش ناكرێت هەموو ڕێكەوت بێت و هەموو ڕووداوەكان لە هەمان ڕۆژدا لە ڕێكەوتی جیاوازدا ڕوویاندابێت، بەڵكو بەستنەوەی ڕووداوەكان بە ڕۆژی شەممە دەكرێت بگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی ئەم ڕۆژە، چونكە لە قورئانی پیرۆزدا باسكراوە. خوای گەورە دەفەرموێت((وَاسْأَلْهُمْ عَنِ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ حَاضِرَةَ الْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِي السَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ ۙ لَا تَأْتِيهِمْ ۚ كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ)) (السورة الاعراف, ایة١٦٣). هەروەك دیارە ڕۆژی شەممە وەك پشوو بۆ یەهوودییەكان ئاماژەپێكراوە، بەڵام بەشێك لە بازرگانەكان و پیشەوەرانی یەهوودییەكان فەرمانی خوایان شكاندووە و لەم ڕۆژەدا دەستیان بە ڕاوكردن و ئیش و كاری خۆیان كردووە، هەر بۆیە بووەتە هۆی ئەوەی بەر سزای توورەیی خوای گەورە بكەون. جگە لەمە جولەكە لەم ڕۆژەدا بە ڕۆژوو دەبن و مەسیحییەكانیش لەم ڕۆژەدا دەچنە كڵێسا و نوێژ دەكەن. شاعیر ڕووداوەكانی بەستووەتەوە بە ڕۆژی شەممەوە و وەك بۆنەیەك یادیان دەكاتەوە. باسكردنی ئەم هەموو ڕووداوانە لە ناو یەك كۆپلەی شیعریی، دەگەڕێتەوە بۆ هێز و توانا و بشاعیر، ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (خەزەل ئەلماجیدی) یەكدەگرێتەوە كە دەڵێت:((شیعر دەكەوێتە سەرووی ڕەگەزە نەتەوەیی و ئاینییەكانەوە لە شیعردا دەبنە بوونەوەرێكی گەردوونی و داوێك بە تەواوی كەلەپوری مرۆیی دەبەستێتەوە نەك بە تاكە شوێن. لە شیعردا توانای لە باوەش گرتنی تەواوی مرۆڤ و تەواوی ڕابردوو لە ئارادایە)).(سدیق،٢٠١٧،ل٢٧) بە پێی ئەوەی شاعیر لە چركەساتی نووسینی شیعر لە ڕووبەرێكی نادیاردا كاردەكات، ئەم ڕووبەرە نادیارەش ڕەگەكانی لە نێو خەون و خەیاڵە، خەونیش لە بەرگە گشتییەكەیدا هێنانە گۆیی یان بە كاراكتەركردنی ئارەزووە. بۆیە شاعیر ناتوانێ دەستبەرداری ڕابردوو بێت. بۆیە بەشێك لە خەونە شیعرییەكانی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی منداڵی و دووبارە ئەزموونكردنیەتی بە شێوەیەك لە ناو زەینیدا لە ناو كات و شوێنێكی زەینی دووبارە دەژیەتەوە.

## خەونی ئیلهامی

ئاماژەیە بۆ ئەو خەونانەی هەڵگری پێشبینی و زانیاریی پەیوەندی بەو ڕووداوانەیە كە دەكرێت لە داهاتوو ڕووبدات، یان ئەگەری ڕوودانی هەبێت. بە پێی بیر و باوەڕی ئاینە ئاسمانییەكان بەم شێوەیە ناسێنراوە ((خەونی ئیلهامی، نەست بەشێكی دڵی مرۆڤە بە هەستی شەشەم و هەستی ڕۆحی ناسراوە ئەم بەشە شوێنی پەیوەندییەكانە بە ڕۆحەكانەوە شوێنی دابەزینی ڕۆحی پاك و ڕۆحی چەپەڵە، چاوگی زانست و فەلسەفە و عیرفانە، بەشی پەیوەندییە بە ڕۆح و ژیانی دوای مەرگەوە))(سەرگەینێلی،٢٠١٥،ل٩٣). واتە لە ڕێی ئەمجۆرە خەونە شاعیر پەیوەندی لەگەڵ ژیانی دوای مەرگ و پێشبینیكردنی ژیان دەكات، هەندێكجاریش جگە لە پێشبینی وا حەزدەكات ژیان لە داهاتوو بەم چەشنە بڕوات كە ئەو باسی لێدەكات. بیروباوەڕی كۆن وابووە مرۆڤ لەكاتی نووستن دەكرێت لە ڕێی خەونەوە پێشبینی ڕووداوێك بكات، ئەگەری هەیە ڕووبدات. ئەم جۆرە بیروباوەڕە وایكرد زانایان بە گرنگەوە سەیری خەون بكەن و گۆڕانكاری لە چۆنیەتی لێكدانەوە و شیكردنەوەی خەونەكاندا بكەن، هەڵبەتە ئەمجۆرە تێڕوانینە دەتوانرێت لە بواری شیعریشدا سوودی لێوەربگرێت و پەیڕەوبكرێت، چونكە بیروباوەڕی فەیلەسوف و زانایانیش لە بارەی شاعیر و شیعرەوە ئارادەیەك لەگەڵ ئەو بۆچوونە یەكدەگرێتەوە، لەوانە (ئەرستۆ) كاتێك جیاوازی لە نێوان شاعیر و مێژوونووسدا دەكات ئەوە ڕوونەدەكاتەوە كە مێژوونووس تەنیا ئەو شتانە باس دەكات كە ڕوویانداوە، بەڵام دەكرێت شاعیر لە دەقە شیعرییەكانیدا ئاماژە بە شتانێك بكەن كە لەوانەیە لە داهاتوو ڕووبدات(ئەرستۆ،٢٠٠٤،ل:٣٧). بۆیە لە بواری شیعریشدا جۆرێك لەو دەقە شیعرییانەی كە باس لە داهاتوو و ژیانی دوای مردن و كۆمەڵێك پرسی تر، دەكرێت وەك خەونێكی شاعیر سەیر بكرێت.

گەڕان بۆ پەیوەندی نێوان شیعر و خەون دوو جەمسەری هەیە. جەمسەرێكیان ئەوەیە پەیوەستن بەیەكەوە كە خەونەكان وەك چۆن مادە و پێكهاتەی نەستین، ئاوهاش دەتوانن ببنە بەشێك لە شیعر. لەلایەكی تریشەوە شیعر و خەون وەك دوو لێكچووی هاوسێ دێنە پێش چاو، چونكە گومان لەوەدانییە گەر شیعر ماڵی منی باڵا بێت، ئەوا هەر دەبێت لانكەی خەونەكانیش بێت، چونكە خەونەكان پڕن لە خواستی مرۆڤ، پڕن لە خۆزگە بۆ ژیانی داهاتوو. لێرەدا شیعر و خەون وەك یەك و لە پاڵ یەكتردا خۆبەیەك دەكەن. شیعر لە ناوەوەرا هەوڵدانە بۆ بینینی خەون، شاعیری ڕاستەقینە زۆرترین خەون دەبینێت، زۆرترین جیهانی شاراوە و پەنهان لە خەوندا دەدۆزێتەوە، شاعیرییەت خەونبینینە، شیعر خەونی شاعیرە. (كارل گوستاف یۆنگ) پێیوایە خەونەكان ((ڕازەكانی ژیانی ناوەوە ئاشكرا دەكەن، نەستی تاك زۆر شتی تێدایە لە ئەزموونی تاكدا هیچ ڕەگ و ڕیشەیەكی ڕابردووی نییە))(سەرگەینێلی،٢٠٢١،ل٩١). هەروەك ئاشكرایە كە بۆچوون تێڕوانینەكانی (یۆنگ) لە پاڵ (فرۆید)ی مامۆستای لە بواری دەروونناسی بە گشتی و خەون بە تایبەتی جێگەی بایەخە، ئەو پێیوایە كە نەستی مرۆڤ وەك ئامێرێكی بەرهەمهێن وایە، چونكە پڕیەتی لە شتانێك كە تەنیا پەیوەندی بە خودی نەست و زەینی كەسەكانەوە هەیە. لەهەمانكاتدا ئەو شتانەی ئەو باسی دەكات پەیوەندی بە ڕابردووی كەسەكانەوە نییە، بەڵكو لە بارەی داهاتووەوە لە ئەزموونی كەسەكانەوە دروست دەبێت.

شاعیر وەك هەر تاكێكی ناو كۆمەڵگا دەكرێت ئەو شتانەی كە لە نەست و زەینیدایە جیا لە كەسانی ئاسایی، لە ڕێی كەرەستە زمانییەكانەوە بەرجەستەی بكات. واتە توانای گوزارشتكردنی ئەو شتانەیان هەیە كە لە نەستیان كەڵەكە بووە، بەڵام كاتێك خەون دەبێت بە میكانیزمی ئەو دەربڕینە ئەو كات بیرە زەینییەكانی شاعیر دەردەكەون، بەمەش گوزارەكان دەبن بە ((كۆد و هێما و سیمبۆلی خەون، چونكە ئەوان واتایان لێ باردەكرێت و دەلالەتی خەونەكە، واتای خەونەكە دەدەن و ڕۆڵی وشە وەدەستدێنن و جێگەی وشەیش دەگرنەوە))(موسا، ٢٠١٩،ل٢٤١). لە نێو بەرهەمە شیعرییەكانی سەباح ڕەنجدەردا چەندین دەق دەكەوێتە بەرچاو كە دەكەوێتە خانەی ئەم جۆرە خەونانە. لە ڕێی خەونەكانەوە جیهانی داهاتوو و دوای مردن و ژیانی مردووەكان لەو دنیادا دەخاتەڕوو. تەنانەت دیوانێكی بە ناوی (حەزدەكەم ئەوەندە بژیم)، تێیدا پێشبینی ژیانی خۆی دەكات و لە ڕێی ئەم نامیلكەیەوە دووبارە ژیانی خۆی دەنووسێتەوە. بە واتایەكی تر دەتوانین بڵێین شاعیر لە ژیانیدا ڕووبەڕووی چەندین بەسەرهاتی ناخۆش بووەتەوە. لە سەختییەكانی ژیانەوە بگرە تاكۆ لە دەستدانی كەسە ئازیزەكانی. بۆیە ئاساییە وەك مرۆڤێك ڕۆژێك لە ڕۆژان بیری لە ژیانی خۆی كردبێتەوە و حەزی بەو ژیانە نەكردبێت، كە تێیدا لە دایكبووە، بۆیە لە ناونیشانی دیوانەكەدا كە دەڵێت حەزدەكەم ئەوەندە بژیم ئەوە دەگەیەنێت كە شاعیر ڕێكەوتی لە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp347-359

دایکبوونی بە دەستی خۆی نەبووە، بەڵام دەیەوێت لە داهاتوودا کۆتایی ژیانی بە ویست و حەزی خۆی بێت. بۆیە ئەم دیوانەی بەم ناوە ناوە و لە ناوەڕۆکدا باس لەوە دەکات کە چەند بژیەت، وەك دەڵێت:

**دەستم لە سەر دووباڵی فریشتە بوو**
**بە نان و ئاو و ئاگری خۆمەوە دابەزیمە سەر زەوی**
**...**
**هەواڵی جێگۆڕکێی سەباح سابیر حەسەن**
**١٨/١١/١٩٦٥-١٨/١١/٢٠٤٥**
**لە بستە خاکێکی مرادخواز و ماندوودا (ڕەنجدەر٢ ،٢٠١٨،ل٢٨٩)**

**تەرمەکەم لە بەر هەیوانێك داندراوە**
**پوورەی شیعر دەوری گرتووم و ناوی شیعرم لە سەر لێوە**
**(ڕەنجدەر٢ ،٢٠١٨،ل٢٩١)**

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا پێشبینی ڕۆژی مردنی خۆی دەکات. لە دایکبوونی دیارە شاعیر لە چ بەروارێك لە دایکبووە. حەز بەوە دەکات لە هەمان ڕۆژ و مانگی لە دایکبوونیدا کۆچی دوایی بکات. ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕوانینە ساڵەکەیە، کە حەزدەکات هەشتا ساڵ بژیەت. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ژمارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، مرۆڤ کاتێك تەمەنی دەگات بە هەشتا ساڵ. ئەوە بیر و مێشك و زەینی باشە لە ڕووی جەستەییەوەش بە هەمانشێوە، بەڵام لەگەڵ زیادکردنی ژمارەکان مرۆڤ ئەو هێز و توانایەی نامێنێ کە لە هەشتایەکان پێشتر هەیبووە. بۆیە دەکرێت شاعیر لێرەدا مەبەستی لەو تەمەنە بێت کە دەنووسێت. هەروەك ئاماژەی پێدەکات. واتە تاوەکو هەشتا ساڵی لە ئەزموونی شیعری بەردەوام دەبێت، بەڵام لەدوای ئەم تەمەنەوە دەست هەڵدەگرێت و ژیانی بەبێ شیعر نووسین بەردەوام دەبێت. نەوەك واتای ئەوە بگەیەنێت کە شاعیر بیری لە خۆکوشتن یاخود شتێکی لەو بابەتەوە کردبێتەوە. یەکێك لە جوانییەکانی ئەم دەقە ئەوەیە کە هەوڵی یاخیبوون دەدات. یاخیبوون لە یاساکانی بوون، بە جۆرێك کە دەیەوێت ئەم یاسا باوانەی بوون بشکێنێت و لێی دەرچێت و سنوورێك بۆ بوونی خۆی دیاری بکات. بوونێك کە بە ئارەزووی خۆی نەهاتۆتە نێوی، ئەم دەیەوێت بە ئارەزووی خۆی لێیدەربچێت. لە دەقەکەدا خوێنەر واهەست دەکات ڕووبەڕووی وەسیەتنامەیەك بووەتەوە، لە هەمانکاتیشدا دەیەوێت جەخت لە سەر ئەو نزیکییە زۆرە بکاتەوە کە دەقەکە لە خۆیەوە چەندە نزیکە. شاعیر مردن وەك جێگۆڕکێی مرۆڤ وێنا دەکات و هەر لە دەستپێکەکەدا دەنووسێت (هەواڵی جیگۆڕکێی سەباح سابیر حەسەن)، شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی تردا دووبارە ئەو بۆچوونەی خۆی دووپات دەکاتەوە بە نزا و تکاوە داوا لە خوا دەکات کە ڕۆژی مردنی هەمان ڕۆژی لە دایکبوونی بێت، دەڵێت:

**دیوانەکەم لە لایەك دادەنێم و داوا لە خودا دەکەم**
**ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات**
**لە ڕۆژی لە دایکبوونم کۆچ و بارم (ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل٣)**

لە شوێنێکی تریشدا ئەم کاتە وێنا دەکات کە مردووە و لە چاوەڕوانی گۆڕهەڵکەن دایە بێت بینێژێت،هەروەها بەرهەمە شیعرییەکانی وێنا دەکات کە چۆن بۆ مردنی تازیەبارن و لە دەوری کۆبوونەتەوە. داوا لە گۆڕهەڵکەن دەکات تاکو چلەی تەواو دەبێت ئەو دارەبازەی تەرمەکەی پێبردراوەتە ناو گۆڕستان بە دەمەونخونی لەسەر گۆڕەکەی دابنێن، وەك دەڵێت:

**ئا ئەوەتە من ئامادەم**
**گۆڕهەڵکەن ئەی تۆ لە کوێی**
**بە پێ ڕێگایەکی دوور و درێژم بڕیوە**
**ماڵئاوایی لەوانە دەکەم پێیانگەیشتووم (ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل٢٩٠)**

**لە هەوای ڕووندا مردم و نازم کێشرا**
**کتێبەکانم شانیان دایە بەر تابوتم (ڕەنجدەر٢ ،٢٠١٨،ل٢٧٤)**
**زۆر بیر لە وتار خوێندنەوەی سەرگلکۆ دەکەمەوە**
**تکایە کەسێك تووڕەیە**
**کتێبی گەڕۆکەکانی خوێندووەتەوە**
**بەرد لە دەم هەڵدەڕێژن**
**ئەندازیاری گۆڕستان تا چلەم تەواو دەبێ**
**دارەبازە دەمەو نخوون لە سەر گۆڕەکەم دانێن (ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل٦٣)**

لە چەند کۆپلەیەکی تردا پێشبینی ژیان دەکات دوای مردنی، کە چۆن لە ڕێی ئەزموون و بەرهەمە شیعرییەکانییەوە دەبێتە درەختێکی بەردار و لە دوای ئەو دەتوانێت سوودی بۆ دەوروبەری هەبێت و خەڵك درك بە نرخ و بەهای ئەزموونی ئەو بکەن، وەك دەڵێت:

**میوانداری ئەوانە دەکەم پێیان گەیشتووم**
**ڕەگی درەختی بەردار چەترمە و هەڵمداوە**
**بە تاو وەرن ئەستێرە شەوقدار و برای گیانی هەستەکانم**
**(ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل٢٩١)**

**چوومە ماڵی خودا بە بەهەشت و دۆزەخەوە**
**بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە ناخی خۆم**
**پەلەم نەکرد بە ئارامی لە دوای کارواندا ڕۆیشتم (ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل٤٦٧)**

شاعیر باس لە حاڵەتێکی دەروونی دەکات لە نێو گۆڕەکەی، ڕەگ و ڕیشەی درەختە بەردارەکان بە ناخی زەویدا بڵاوبوونەتەوە. ئەم درەختە وەك شاعیر وایە، چۆن لە جیهانی سەر زەوی بەری فیکر و شیعری جوانی هەبووە. دوای مردنیشی ڕەگی درەختە بەردارەکان بوون بە چەتری سەری بۆ وەرگرتنی پاداشتی نووسین و تێکۆشان لەڕێی شیعر و جوانی بە خەیاڵێکی شاعیرانە و گفتوگۆکردن بۆ گەیشتن بە حەقیقەت بۆ حەسانەوەی دڵ و دەروونی شاعیر و گەیشتنی بە پاداشتی ئاسمانی، یان پاداشتی خەڵکان دوای مردنی بۆ قەدرزانی هونەرەکەی، لەپاڵ ئەوەی وێنای ئەوە دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا گومان دەکات کە ئایا لە دوای مردنیدا تا چەند لە دەفتەری نەمریدا ناوی تۆمار دەکرێت. چی لە بارەوە دەگوترێت چی لە بارەیەوە دەنووسرێت. واتە لە بۆچوونانەی دڵنیا نییە. هەروەها چاوەڕێی دیداری خوداش دەکات، دیدارێك کە لە کەش و هەوایەکی ئارام بێت، لەوکاتەی کە ئاسمان پڕ ئەستێرەی ورشەدار و ڕوون و بێدەنگ دەبێت. هەروەها پرسیار لە بوون و کەون و مردن و عەدالەتی دەکات، ئەم قوڵبوونەوەی فیکری بەرانبەر ژیان و مردن لە خۆی دەگرێت. (صلێوە،٢٠١٣،ل٣٧ - ٣٨) لەم پارچە شیعرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا شاعیر پشتی بەستووە بە وێناکردنی بیر و زەین. بەمەش دەردەکەوێت خەون گوێ ناداتە ئەو ناکۆکی و دژایەتیانەی لە شتەکاندا هەیە. (نا) لە زاراوەکانی خەوندا نییە، لە خەوندا دژەکان وەك دژ نابینرێت، بەڵکو یەك شتن و جیاوازیان لە نێوانیاندا نییە، یاخود وەك ئەوەی یەك شت بن وێنەیان دەکێشرێت. زیاد لەوەش خەون ڕێگە بە خۆی دەدات هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی ناوی بەهۆی دژە ناسراوەکەیەوە وێنە بکێشێت. هەروەك شاعیر لە بارەی بەکارهێنانی خەون و گرنگی خەون دەڵێت:((ژیانبینی بە ئایندەبینینەوە تەواو دەبێ و بە بێ ئایندەبینی ناتەواوە... خەونی من سرووشە. تایبەتکاری منیش ئەوەیە شیعرم گەڕاندۆتەوە بۆ خەون خەونیش پاکیەتی ژیان. لە سەرجەم دەقەکانیشدا ئاڕاستەیەکی خەونیم یان نیمچە خەونیم دەربڕیوە خەون سرووش و سروشتی پێغەمبەرانە خودا دەیدات بە کەسی پەیامدار. من وەك کەسایەتی خەونێکم لە شیعرەوە بەرهەمهاتووم خەونیش ڕادەگەیەنم.. خەون درەوشانەوەی واقیعە زمان لە دەقی خەونیدا ئامرازی گەیاندن نییە ئامرازی سرووش و چالاکیی وێنە و ناسینی ڕەنگەکانە))(ڕەنجدەر٢٠١٩،١،ل٨٢).

هەروەها لە شوێنێکی تریشدا شاعیر پێشبینی ژیانی خۆی دەکات کە لە دوای مردنی لە بەهەشت بەردەوامی بە ژیان دەدات، هەڵبەتە هەڵبژاردنی ژیانی بەهەشتی ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێی وایە ئەو کارە چاك و باشانەی کە لە سەر زەوی ئەنجامی داوە، ئەو ڕێگایەی

پێیدا ڕۆیشتووە هەموو ڕاست بووە. بۆیە خوای گەورە بە بەخشینی ئەم ژیانە پاداشتی کردۆتەوە، وەك دەڵێت:

**لە بەهەشت لەماڵی خۆم**
**لە منداڵدانی کتێب و برینێکی پڕ خوێندا**
**بە هەموو تەمەن و منداڵ و نەوە و نەوەزام لە دایکدەبمەوە (ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل٤٥٩)**

**بمرم لە ئێوە بزر دەبم**
**خودا لە ناو پەڵەیەکی ڕووناکدا**
**دەمبینێت و دامدەگیرسێنێت (ڕەنجدەر٢٠١٨،٢٢،٢،ل١٣٣)**

شاعیر لە شیعردا یادەوەرییە زۆر کۆن و تازە وعەمبارکراوەکان و ئەوانەی لە ئایندەدا شیانی ڕوودانیان هەیە، هەموو پێکەوە لە سەر خوانی شیعر کۆدەکاتەوە. هەروەك (کەژاڵ عەلی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((شیعر دەبێ چاوی چۆلەکەی هەبێت تا لە هەر چواردەوری خۆی شتە شاردراوە و نادیارەکان ببینێت))(ساڵح،٢٠١٢،ل١٠٤). شاعیر لە هەوڵی ئەوەدا نییە دنیا بەرەو ڕێکی و ئارامی و چەقبەستووی بەرێت، بەڵکو دەخوازێت دیوێکی پەنهانی بوون پیشان بدات و بیر لە سبەینێکی جیاواز بکرێتەوە، ئێستا لە ڕابردوو ڕزگار بکرێت و دنیابینی نوێ بخوڵقێنێت. هەربۆیە لە کۆپلەیەکی تردا ژیانی دوای تەمەنی پیری و کەنەفتی و تەنانەت دوای مردنی وێنا دەکات و دەڵێت:

**لە سەر دیواری پیریم**
**وێنەی بەرگی دیوانم**
**لە سەر دیواری کەنەفتیم**
**وێنەی بە کۆی منداڵەکانم**
**خەندەیەك گەشی کردون**
**دوای کەنەفتیم و بەهەشتی شیر ڕەنگ**
**وێنەی من بە دیواری ماڵی منداڵەکانمەوە (ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل٣٩٧)**

شاعیر لە نێو دەقە شیعرییەکانیدا وەك کەسێکی ئازا و چاونەترس دەردەکەوێت، کاتێك بابەتەکە پەیوەندی بە مەسەلەی مردنەوە هەبێت، چونکە کاتێك دێتە سەر ئەم باسانە زۆر بوێرانە جیاواز لە خەڵکی تر باس لە مردن دەکات. تەنانەت ئەگەر لە نێو شیعریشدا بێت ئەمجۆرە دانپێدانانە قورس و زەحمەتە، بەڵام لای شاعیر وا دەرناکەوێت، بۆیە زۆر بە یەقینەوە باس لەوە دەکات کە هەموومان لە دوای ئەم ژیانە هەر دەبێت ڕۆژێك بگەڕێینەوە بۆ ناو مەنزڵی هەمیشەیی و ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووین. هەموو مرۆڤێك بێ جیاوازی دەگەڕێتەوە بۆی، لە هەمانکاتدا بە بیروباوەڕێکی پتەوەوە، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە دەکرێت ژیانێك لە دوای مردن هەیە، شاعیر بە هیوای ئەوەیە ڕۆژێك دابێت کە لە نهێنی ماڵی مردن بگات. هەر وەك دەڵێت:

**کێ کلپە لە سەری هەڵێنێ و بوێری ئەوەی هەبێت بیرەدا بڕوات**
**نەخشی خەواڵوویی دەشکێنێت و باوێشك نادا**
**ماڵ بە پەرستگاو یەکەم شووشتنی پیرۆز دەزانێ**
**خەوێکی ئارام دەرژێنێتە چاویەوە**
**شەو و ڕۆژیش باڵی شەمێ فڕێ دەدەن و دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان**
**ڕازێك ماڵی ڕووناك کردووەتەوە**
**مردن بووەتە ئەڤینم بۆی دەسووتێم (ڕەنجدەر٢٠١٨،٢،ل١٣٢)**

**هەموو کەسەکان ڕازین لە یەکەم شوێن دەگەڕێنەوە (ڕەنجدەر٢٠١٩،٢،ل٦)**

**بە ڕەزامەندییەوە دان بە ژیانی دوای مردندا دەنێم (ڕەنجدەر٢٠١٨،٢،ل١١٩)**

**ڕۆژێك هەردێ لەم هەموو بێدەنگییەی ماڵی مردن تێبگەم**
**(ڕەنجدەر٢٠١٨،٢،ل٤٥٨)**

جگە لە پێشبینی مردن و ژیانی دوای مردن، شاعیر باس لەوە دەکات جگە لەوەی دەتوانێت پێشبینی خودی خۆی بکات لەهەمان کاتدا ئاگاداری بارودۆخی گۆڕستان و مردووەکانی تێدا نێژراون هەیە، کە چۆن مردووەکان بە بێ جیاوازی و هەبوونی ڕك و کینە بەرەو پێشوازی و بەخێرهاتنی مردووەکان دەچن، هەڵبەتە ئەمجۆرە شیعرانە لە پاڵ ئەوەی خەونێکن، بەڵام لە کۆمەڵێك ڕەمز و هێما پێکهاتووە، لە ڕێیەوە شاعیر دەیەوێت پەیامێك بگەیەنێت، هەر وەك دەڵێت:

**ئاگاداری گیانی گۆڕستانانم**
**چۆن بە خێرهاتنی میوانی مردووەکان دەکات (ڕەنجدەر٢٠١٨،٢،ل٢٠٨)**

جگە لەمە لە کۆپلەیەکی تردا وێنای هاتنەدەرەوەی مردوو لە ناو گۆڕەکانیان دەکات، کە یادی لە دایکبوون و مردنیان دەکەنەوە، ئەمەش جگە لە خەونێك زیاتر نییە، بەڵام لە ڕێی ئەمەوە بێوەفایی و بێ پەیمانی مرۆڤەکانی سەر زەوی وێنا دەکات بەرامبەر بەوانەی کە لە پێناویان قوربانیان داوە، یاخود گیانیان بەخت کردووە، تەنیا بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە ژیان و گوزەرانێکی خۆش بژین، هەر وەك دەڵێت:

**مردوو لە گۆڕەکانیان هاتوونەتە دەرێ**
**لە نزیك کێلیان دانیشتوون**
**ڕۆژی لە دایکبوون و مردنیان یاد دەکەنەوە (ڕەنجدەر ٢٠١٨،٢،ل١١٩)**

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە خەون ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهاتە و سروشتی شیعردا دەبینێت. لە لایەنی سروشت و بوونی شیعرەوە زۆر باسی ڕەنگدانەوەی خەون و یادگە کراوە. شیعریش لە جەوهەری خۆیدا خودی هەستکردن و بیرکردنەوە و وەعییە، کە شاعیر دەربارەی ڕابردووی خۆی و ئێستا و ئایندەشی دەریدەبڕێت. بۆیە ئەم جیاوازی و بیرکردنەوەیە بەشی شێری بەردەکەوێت لە پرۆسەی خەون و ئەفراندن و لایەنی ئێستاتیکای شیعردا، شاعیر لە ڕێی شیعرەوە بە ئارەزووی خۆی یادەوەرییەکان ڕێك دەخات و لە قاڵبێکی خەونی پێشکەشی دەکات.

## 4. ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك، کە لە خوارەوە خراوەتە ڕوو:

١. پرۆسەی دروستبوونی خەون لە لایەکەوە سوود لە بابەتە چەپێنراوەکانی بەشی نائاگایی و نەستی شاعیر وەرگیراوە و لە لایەکی تریشەوە ژیانی ڕۆژانەی، بەڵام وەك خۆی وێنای ناکاتەوە، بەڵکو گۆڕانکاری تێدادەکات. بە شێوازێك بە بێئەوەی گرنگی بە یاسا و کلتور و دابونەریت بدات بابەتەکان ڕێکدەخات. بە پێی حەز و ویستەکانی بنیاتدەنێتەوە.

٢. بەشێك لە خەونە شیعرەکانی شاعیر دەچێتە خانەی سووکە خەون و ڕامانەوە کە لە ڕێیەوە دەرگای پرسیار و گومانەکان واڵا دەکات و ئەو پرسیارانەی لە زەین و مێشکیدایە ئەوا دەیخاتە ڕوو، بە تایبەت ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە ژیان و مردن و دروستبوونی گەردوون و بابەتە ئاینییەکان و دەربارەی سروشت لەخۆدەگرێت.

٣. بەشێك لەو خەونانەی کە لە بەرهەمە شیعرییەکان بەرچاودەکەوێت پەیوەندی هەیە بە بەشێك لە یادگاری و سەردەمی منداڵی و ئەو خەونانەی کە بووەتە گرێیەك لە لای شاعیر لە نەست و یادگەیدا ماوەتەوە، لە ڕێی خەونەوە دەیخاتە ڕوو.

٤. خەونی ئیلهامی جۆرێکی ترە لە نێو بەرهەمە شیعرییەکان بەرچاو دەکەوێت، کە تێیدا شاعیر لە ڕێی ئەمجۆرە هەوڵدەدات پەیوەندی بە جیهانەکەی تر دەبەستێت، یاخود لە ڕێی ئەمەوە باس لە ڕووداو و شتانێك دەکات کە پێشبینی دەکات لە داهاتوو ڕووبدات، یاخود حەز و ویستی شاعیر وا دەخوازێت لە داهاتوو بەمشێوەیە بێت.

**5. لیستی سەرچاوەکان**

باوزی، مەحمود هۆمەر،٢٠٢١، خەونەکان، کارل گوستاڤ یونگ، چاپی١، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

بکر و ئەحمەد، هیمداد حوسێن و کەیفی،٢٠١٧، ڕۆڵی تەکنیکی خەون و فانتازیا لە بنیاتی داستانی فۆلکلۆری کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە٤٣.

بۆلی، غەمگین،٢٠١١، ئەدەب وەك بەشێك لە ڕۆح، چاپخانەی ڕۆشنبیری، وەزارەتی ڕۆشنبیری لاوان.

بۆلی، غەمگین،٢٠١٤، (ناڵە حەسەن) شاعیر ناتوانێ دەستبەرداری ڕابردوو بێت، ڕۆژنامەی هزر و هونەر، ژمارە٩٩.

پاڵەوان، سەلاح حەسەن،٢٠١٠، شیعری کراوە لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا، چاپی١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

حسێن، سالار کەریم، ٢٠٢١. نووسینی ئۆتۆماتیکی لە شیعری نوێی کوریدا، چاپ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

حسێن،علی طاهر،٢٠١٣،خەونە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە٢٦.

حوسێن، هیمداد،٢٠١١، بزوتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر، چاپی١، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك.

دزەیی، عەبدولواحید موشیر،٢٠٢١، خوێندنەوەی دەروونی دەق، چاپی١، دەزگای ئاوێر، هەولێر.

دەشتی و ئیسماعیل، عوسمان حمد، زاهیر، ٢٠١٥، ڕۆڵی گروپی ویران لە شیعری نوێخوازی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە٣٥.

ڕەحمان، عەبدوڵلا،٢٠٢١، دەق و ڕەخنە، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

ڕەنجدەر، سەباح ،٢٠٢٠، سەرەتا وشەبوو، چاپی١، چاپخانەی تاران، تاران.

ڕەنجدەر، سەباح،٢٠١٣، شیعر بەرانبەر ئەبەدیەت(مانیفێستی شیعری)، گۆڤاری هەنار، ژمارە٩٢، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

ڕەنجدەر١، سەباح، ٢٠١٩، چوار کتێب لە بارەی شیعرەوە، چاپی١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

ڕەنجدەر١،سەباح، ٢٠١٨، دیوانی سەباح ڕەنجدەر، چاپی١، چاپخانەی تاران، تاران.

ڕەنجدەر٢، سەباح، ٢٠١٨، دیوانی سەباح ڕەنجدەر، چاپی١، چاپخانەی تاران، تاران.

ڕەنجدەر٢، سەباح، ٢٠١٩، بەهاو هەڵەی پێشبینییەکان، چاپی١، چاپخانەی تاران، تاران.

ساڵح، ئارام،٢٠١٢، پرۆژەی ١٠٠ دیداری بڵاونەکراوە، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

سدیق، ئارام، ٢٠١٧، زمان و شیعریەت کارکردن لە سەر ئەزموونی شیعریی یازدە شاعیری دوای ڕاپەڕین، چاپی١، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

سەرگەیێلی، محمد حسن، ٢٠١٥، گەردوونی نادیار، چاپی١، کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، هەولێر.

سەعدون،سامان عیزەدین،٢٠١٥، دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، چاپی١، بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

صلێوە،هاوژین،٢٠١٣، دواندنی شیعرێکی سەباح ڕەنجدەر، گۆڤاری هەنار، ژمارە٨٦، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

عەبدوڵڵا، پەروین،٢٠٠٨، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا کرمانجی خواروو١٩٨٠- ڕاپەڕین، چاپ و دەزگای سەردەم، سلێمانی.

عەبدوڵلا، پێشڕەو،٢٠٢١، سایکۆلۆژیای شیعری کوردی خوێندنەوەی ئەزموونی بەشێك لە شاعیرانی کورد بە میتۆدی ڕەخنەیی دەروونشیکاری سیگمۆند فرۆید، چاپی١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

عەبدوڵڵا، پێشڕەو،٢٠٢٢، جەستە دەروون عەقڵ، چاپی٣، فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

عەبدوڵلا١، ئەحمەد مەحمود، ٢٠٠٨، سوریالیزم لە شیعری کوردیدا دوای ڕاپەڕین، ماستەر، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی کۆیە.

کەریم، فەرهاد قادر، ٢٠١٢، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، چاپی١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مەنتك، حەمە،٢٠١٠، گەڕان بە دوای حەقیقەتدا لە شیعری( ئەو هەفتەیەی حەوت ڕۆژ و شەوێکە)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە١٥٩، چاپخانەی خانی، دهۆك

مەنتك، حەمە،٢٠١١، سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوریدا، چاپی١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

موسا، هاوکار،٢٠١٩، خەون لە شیعردا لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکارییە، چاپی١، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

و: سوڵتان، ئاوات ئەحمەد،٢٠٢١،لێکدانەوەی خەونەکان، سیگموند فرۆید، چاپی٣، چاپخانەی تاران، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

و: عەبدوڵڵا، عەبدولموتەڵیب،٢٠١٤، زمان و بیرکردنەوەی شیعری لای هایدگەر، سەعید توفیق، ڕۆژنامەی هزر و هونەر، ژمارە١٠٣.

الحفني، عبدالحميد، ١٩٨٨، التحليل النفسي لأحلام، الدار الفنية للنشر و التوزيع، القاهرة.

حماش، محمود صيادى، ٢٠٠٢، العقل و الدماغ، ط١، بيت الحكمة، بغداد، العراق.

ت: سعيد، جورج،١٩٩١، شاعرية أحلام اليقظة، علم شاعرية التأملات الشاردة، غستون باشلار، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت.

شراد، شلتاغ عبود، ١٩٩٨، مدخل الى النقد الادبي الحديث، ط١، مجد لاوى للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.

ت:طرابلسى,جورج,١٩٨٠,الحلم و تأويلة, سيغموند فرؤيد,ط٣,دار الطليعة للطباعة و النشر, بيروت.

قاسم، عدنان حسين، ٢٠١٨، الابداع و مصادرة الثقافية عند ادونيس، دار العربية للنشر والتوزيع.

ت:افشار، مهدى،١٣٦٣، راونشناسى، زيگموند فرويد،چاپ٣، انتشارات كاوان، تهران.

ت:محد،سيد على، ١٣٧٠،فرويد ناخود آگاه وروانكارى، شاريه ژان پل، نشر نكته، تهران.

Freud, Sigmund ,1933,The Anatomy of the Mental Personality Lecture xxl,new introductory lectures on psychoanalysis, Publ.Hogarth Press.

https://www.marxists.org/reference/subject/philosophy/works/at/freud2.htm